# دینداریی و بەشداریی سیاسی لە هەرێمی كوردستان
# توێژینەوەیەكی مەیدانیی سۆسیۆ- سیاسییە

محمد حسین شوانی زانكۆی سەڵاحەددین – هەولێر – كۆلێژی ئاداب – بەشی كۆمەڵناسی
mohammed.mohammed2@su.edu.krd
جلال احمد عبدالله زانكۆی سەڵاحەددین – هەولێر – كۆلێژی ئاداب – بەشی كۆمەڵناسی
jalal.abdullah@su.edu.krd

**پوختە:**

بەپێی ئەنجامی هەندێک لە توێژینەوەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لەنێوان دینداریی و بەشدارییکردن لە سیاسەتدا پاڵپشت بەو بیرۆکەیەی کە بوونە ئەندام لە دامەزراوەو ڕێکخراوە ئاینییەکان، هاموشۆکردنی شوێنەکانی پەرستن، پابەندبوون بە ئەرک و بۆنە ئاینییەکان و ..تاد، سەرچاوەن بۆ سازدانی تاکەکان لەڕووی مەدەنی و بەشدارییکردنیان لە سیاسەتدا. سەرباری ئەو تێڕوانین و ئەنجامانەش، بەپێی ئەنجامەکانی بەشێک لەو ڕووپێوو و توێژینەوانەی لە هەندێ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەمبارەیەوە ئەنجامدراون، تا ڕادەی دینداریی تاکەکان زیاتر بێت، کەمتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش، وەسف و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دینداریی و بەشدارییکردنە لە سیاسەتدا لە هەرێمی کوردستان؛ بۆ ئەم مەبەستەش نمونەیەکی 354 کەسی لەسەنتەری شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک بەشێوەی هەرەمەکی هێشوویی فرەقۆناغ وەرگیراوە لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست بەشێوەیەکی چەندایەتی. لەوپێناوەشدا پێوەرێک بەکارهێنراوە کە جگە لە ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواریی و باری هاوسەرداریی، 19 پرسیارو بڕگەی تایبەت بە پێوانەکردنی دینداریی و بەشداریی سیاسی لەخۆدەگرێت. بەپێی ئەو ئەنجامانەش کە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە، پەیوەندیی دینداریی تاکەکان بە بەشدارییان لە سیاسەتدا نەرێنی یە: جۆر و ئاراستەی پەیوەندییەکەش، بەپێی شێوەکانی بەشداریی سیاسی ناگۆڕێت.

**کلیلە ووشەکان:** دینداریی، بەشداریی سیاسی، شێوەکانی بەشداریی.

## پێشەكی:

لە مێژووی سیاسی كورد لە باشووری كوردستان بەتایبەت لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، چەندین سەركردەی نەتەوەیی و سیاسی هەڵكەوتوون هەر لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفیدەوە تا مەلا مستەفای بارزانی و تەنانەت مام جەلالیش كە بنەماڵەكانیان پێگەیەكی ئایینی و كۆمەڵایەتی دیاریان هەبووە. پێشگریی شێخ و مەلاش، دەستەواژە و زاراوەی ئایینین كە ڕەهەندی سیاسیشیان بەخۆوە گرتووە. هاوكات لە گوندا تەكیە وخانەقا و مزگەوت و قوتابخانە ئاینییەكان، ناوەندی سەرەكی فێربوونی خوێندەواریی و زانست و زانیاریی و هۆشیاركردنەوەی خەڵكی بوون؛ زۆرێك لە نوسەرو شاعیرانی كۆن و هاوچەرخیش كە خاوەن شاكاری ئەدەبی نەتەوەیی و سیاسین، لە بنەماڵەیەكی ئایینی و مەلا بوون، یا خۆیان ماوەیەک مەلایی پیشەیان بووە و لەوێوە تێكەڵ بە بایەخدان بە پرس و كێشەكانی خەڵكی بوون.

لە ئێستاشدا هەم سەركردە و حیزبی ئایینی یا باكگراوند ئایینی هەن، هەم خەڵكانێكیش كە باوەڕ و پابەندبوون بە ئایینیان كردۆتە بنەما بۆ بوونە ئەندام لە حیزبێكی سیاسی و بەشداریكردن لە هەڵبژاردن، دەربڕینی بیروڕاو ناڕەزایی سیاسی و ....تاد؛ تەنانەت شوێنكەوتنی سەركردە و حیزبەكانیش لە لایەن هەندێ كەسەوە، بنەمایەكی ئایینی و ئیمانداریی هەیە. ئایا ڕێی تێدەچێ كەسێک ئەندام یا لایەنگیریی حیزبێكی وەک یەكگرتوو، كۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی بێت بەبێ ئەوەی كەسێكی مسوڵمان و ئایینذۆست بێت؛ یا بۆ نوێژی هەینی و بەجێگەیاندنی ئەركە ئاینییەكانی دیكە، هاموشۆی مزگەوت نەكات؟ خۆ خەڵكانێكیش هەن بەبێ ئەوەی پابەندییەكی فەرمیان بەو حیزبانەوە هەبێت، كەچی ڕەنگە پاڵپشتیكردن لەو حیزبانە بە بەشێک لە ئیمان بزانن، یا لەپای ئەو سودانەی لەڕێی كۆمەک و بەخشینەوە دەستیان دەكەوێ، لە هەڵبژاردنەكاندا دەنگیان پێ بدەن. لە هەڵبژاردنەكانی ڕابردوودا، بەشێك لە وتاربێژی مزگەوتەكان و بانگخوازانی ئایینی، لەو بەربژێرانە بوون كە توانیویانە لە هەڵبژاردنەكاندا دەنگێكی زۆر بهێنن. لە گردبوونەوە و خۆپیشاندانەكانی ئەم دواییەی هەرێم، لایەنگری حیزبە ئیسلامییەكان و بەشێک لە وتاربێژ و بانگخوازانی ئایینی، لەڕیزی پێشەوە دەبینران.

هاوكات بارودۆخی سیاسی و ئابووریی هەنوكەیی هەرێم، دۆخێكی وەهای سازاندووە كە كەم وتاربێژی مزگەوت هەیە بەشێكی وتارەكەی بۆ هەڵسەنگاندن و رەخنە لە سیاسەت و ئەدای سیاسیی حیزب و سیاسییەكان و حكومەت تەرخان نەكات؛ حكومەتیش بەفەرمی و بەبەردەوامی هەوڵی دیارییكردن و یەكخستنی بابەت و ناوەڕۆكی وتاری هەینی مزگەوت و ناوەندە ئایینییەكان دەدات.

ئەم هەڵوێستانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن كە لەئێستادا، دەشێ مزگەوتەكانیش ڕۆڵیان لە ئاراستەكردنی خەڵكیدا هەبێت لەڕووی سیاسییەوە. ناوەڕۆكی وتارەكان پڕە لەو گوزارشتانەی كە بۆ نمونە دەبێ دەنگ بە چ جۆرە كەسایەتییەک بدەیت، ئایا خوا لێت ڕازی دەبێ ئەگەر دەنگ بە خەلكێكی ناشایستە بدەی؟ یا هەروەک سەركردەی یەكێ لە حیزبە ئیسلامییەكان لەچوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەڵێ خەڵكانێک پرسیویانە كە ئاخۆ لەڕووی ئایینییەوە، دروستە دەنگ بە كەسێكی نوێژنەكەر بدەیت؟ ئەی چی سەبارەت بە هەڵوێستی سەلەفیی مەدخەلی لەمەڕ تێكەڵبوون بە دنیای سیاسەت و كاروباری حكومڕانی و حاكم لە كاتێكدا بانگەشەی ئەوە دەكەن كە كەسی باوەڕدار،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بۆی نییە حاکمێکی مسوڵمان هەڵسەنگێنێ یا دژی بوەستێتەوە هەتاوەکو ئەگەر حاکمەکە فاسقیش بێت. هەموو ئەو گوزارشتانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دینداریی بەهەر بڕ و شێوەیەک بێت، ڕەنگە کاریگەریی بەسەر بەشداریی سیاسی تاکەکانەوە هەبێت. تەنانەت حیزبە عەلمانییەکانیش چاویان لەوەیە و بەکردەوە لەسەروبەندی پێشهاتە سیاسی و هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی زۆر تایبەت، ئەو نیاز و چاوەڕوانییەیان نیشانداوە کە لەپای بایەخدانیان بە دامەزراوە ئایینییەکان و ڕێزگرتنیان لە بیروباوەڕ و بەشدارییکردنیان لە بۆنە و مەراسیمە ئایینییەکان، پشتگیریی خەڵکی بەلای خۆیاندا کێش بکەن.

کەواتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئایین ڕۆڵێکی سەرەکیان تێدا دەبینێ و بە کۆمەڵگای ئایینی ناودەبرێن، پابەندبوون بە ئەرک و پیادەکردنی بیروباوەڕ و سروتە ئایینییەکان، بەهەر ڕاددەیەک بێت دەشێ ڕەنگدانەوەیان بەسەر چوارچێوەی بیرکردنەوە و ڕەفتارنواندنی تاکەکانەوە هەبێت؛ بەشداریی سیاسیش وەک ڕەفتار پێویستی بە پێشینەیەکی هزریی و سەرمایەی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئاخۆ هاموشۆکردنی تاکەکان بۆ شوێنە ئایینییەکان و پابەندبوونیان بە ئەرک و بۆنە و سرشتە ئایینیەکانەوە، چەندە بەشدارن لە بنیاتنانی پێشینە و سەرمایەی پێویست بۆ بەشدارییکردن لە سیاسەتدا. ڕەنگە پێوانەکردنی ڕاددەی دینداریی تاکەکان و بەشدارییان لە شێوەکانی بەشداریی سیاسییدا، رۆڵ و پێگەی دینداریی‌مان لە بەشداریی سیاسیی خەڵکیدا بۆ یەکلا بکاتەوە لەمیانەی وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە: ئەو کەسانەی دیندارن و تاڕاددەی دینداریيان زیاتر بێت، زیاتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن؟

## 1- دینداریی (Religious Attendance):

بە گوزارشتی Allport و Ross (1967)، دینداریی واتا پیادەکردنی ئایین لەلایەن تاکەکانەوە. کۆمەڵناسان زاراوەی دینداریيان بۆ ئاماژەدان بە بایەخی ئایین لە کۆمەڵگادا بەکاردەهێناوە پێیانوایە ئاماژەکانی پێوانەکردنی دینداریی تاکەکان لە کۆمەڵگادا، بریتین لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە چالاکیيە ئایینییەکاندا بەشداریی دەکەن، ئەندازەی ئەو هێزەی دامەزراوە ئایینییەکان لە کۆمەڵگادا هەیانە، لەگەڵ هێزی بیروباوەڕی ئایینی. زۆرێکیش لە زانایان لەو باوەڕەدان کە هەریەکە لە ئینتیما (ناسنامە و ئەندامێتی)، ڕەفتارنواندن (ئامادەگی) و باوەڕبوون بە خودا، گونجاوترین میکانیزمن بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی ئیمانداریی بەسەر ئەزموونی ژیان و بەها و هەڵوێستی تاکەکانەوە. ئینتیما وەک لایەنێکی دینداریی، بەردەوام بە ژمارەی ئەو کەسانە دەپێورێ کە سەر بە ڕێکخراوە ئایینییەکانن و هاوسۆزن لەگەڵ دامەزراوە ئایینییە فەرمییەکاندا؛ ڕەفتارنواندنیش بەو چالاکییە ئایینییانە دەپێورێ کە خەڵکی بەشێوەیەکی کرداری بەشدارییان تێدا دەکەن لەمیانەی چوونە شوێنە ئایینییەکان چ بۆ خواپەرستی یا بەڕێوەبردنی پرۆسەی هاوسەگیریی بێت، یا نوێژکردن؛ ئیمان وەک خودیترین لایەنی دینداریی بەوە دەپێورێ کە خەڵکی باوەڕیان بە خوا و ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوەی ڕۆح و ...تاد هەبێت(Thompson, 2018).

یاخود دەوترێ مەبەست لە دینداریی ئەو بە باشترزانین (تفضیلات)، سۆز، بیروباوەڕ و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

چالاکیانەن کە ئاماژەن بۆ بوونی ئایینێک؛ بەوواتایەش ئایین خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ سستمێک لەو هێما کولتوورییانەی پێویستین بۆ بەدەنگەوەچوونی ئەو کێشانەی پەیوەستن بە واتاسازیی وسازان لەمیانەی ئاماژەکردن بۆ چەند راستەقینەیەکی باڵای کاریگەر بەسەر ژیانی رۆژانەوە کە ناتوانرێ ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ بکرێن. کەواتە دینداریی پیادەکردنی هەندێ چالاکییە لە ئاستی تاکدا لە شێوەی نوێژکردن و قوربانیدان تا دەگاتە خۆشویستن و ترسان لە خودا، کەچی ئایین دیاردەیەکی کولتووریی و سستمێکی هێماییشە لەژێر ناوێکی وەک بۆ نمونە مەسیحی، ئیسلام و ....تاد (Stolz, 2008, p.2).

یا وەک Okumuş (2008) دەڵێ دینداریی ڕاستەقینەیەکە گوزارشت لە هەڵویست و ئەزموون و شێوازێک لە ڕەفتاری ئایینی دەکات؛ بەواتای ژیانی ئایینی پەیوەستە بە ئیمانی ئەو مرۆڤانەی کە هاوڕێک لەگەڵ ئەو فەرمان و ڕێنماییە ئایینیانەی باوەڕیان پێیان هەیە دەژێن. ڕەهەندەکانی دینداریش بریتیین لە: بیروباوەڕ، پیادەکردن، ئەزموون/سۆز، مەعریفە، ئاکام/ کاریگەریی و ڕێک خستن (وەرگیراوە لە: Sari, 2017, p. 258).

پاڵپشت بە ناوەڕۆکی بەشێک لەو تێزانەی سەبارەت بە دینداریی خراونەتڕوو، دەشێ و دەتوانین بڵێین کە ڕاستە ئایین پێشمەرجێکی مەعریفییە بۆ دینداریی، بەڵام بوونی ڕاستەقینەی ئایینیش بە پیادەکردنییەوە بەندە جا چ بەشێوەی چالاکی کردەیی واتابەخشی ئایینی بێت، یا هەر وێناکردنێکی میتافیزیکیانە بۆ ئەو دەوروبەرو جیهانە ماددی و مەعنەوییەی مرۆڤی دیندار تیایدا دەژێت. لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەشدا مەبەست لە دینداریی تاکەکان، ڕاددەی پابەندبوونیانە بەڕێنمایی و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان، هاوکات لەگەڵ هاموشۆکردنی شوێنە ئایینییەکان بەشدارییکردنیان لەهەر بۆنە و مەراسیمێکی ئایینی کە ئاماژەن لەسەر ڕاددەی بایەخدانیان پێی و ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیانیانەوە.

## 2- بەشداریی سیاسی (Political Participation):

بە بۆچوونی Van Deth (2001)، تێگەیشتن لە بەشداریی سیاسی هاوکات لەگەڵ زیادبوونی جۆر یا ئەو بوارانەی ئەم چەمکە لەخۆیان دەگرێت، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. گۆڕان و بەرەوپێشوەچوونی جۆر و بوارەکانی بەشداریی سیاسیش، ساڵ لە دوای ساڵ هاوکات لەگەڵ گۆڕانی بابەت و بواری بایەخپێدانی توێژینەوەکان، گۆڕاون. لەمبارەیەوە دەڵێ لە قۆناغی بەراییدا بەتایبەت بەدرێژایی ساڵانی چل و پەنجاکان، سەرنجی توێژینەوەکان زیاتر لەسەر بەشدارکردن و دەنگدان بووە لە هەڵبژاردنەکاندا؛ بێگومان ئەم بوارتەسکییەی لێتوێژینەوەش، رەنگدانەوەی بەسەر واتا و ناوەڕۆکی بەشداریی سیاسییەوە هەبووە وەک چەمک؛ بەڵام لە کۆتایی ساڵانی پەنجا و دواتر، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی جۆرێک جۆرناسی (Typology) نوێ بۆ بەشداریی سیاسی، گۆڕانێکی بێوینە بەسەر واتا و تێگەیشتنی ئەو چەمکە داهاتووە.

بە گوزارشتی Lan (1959) سەرباری دەنگدان و کارکردن لە کەمپینەکانی هەڵبژاردن، کۆکردنەوەی کۆمەک، بەشداریکردن لە چالاکییە ڕێکخراوەکانی گروپ، پەیوەندیکردن و گەیشتن بە کاربەدەستان و تەنانەت نووسینی گوتارێکیش، شێوەیەکن لە شێوەکانی بەشداریی سیاسی (وەرگیراوە لە:Dayican 2010, p. 47). چەند ساڵێک دواتر،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

Milbrath (1965) لەجۆرناسییەکی هەرەمیدا هەر یەکە لە دەنگدان، تاوتوێکردنی سیاسەت، هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان، پۆشینی یاخبەند، پەیوەندیکردن بە بەرپرسان، ئابوونە و بەخشینی پارە بە حیزب یا کاندیدێک، بەشدارییکردن لە کەمپین و گردبوونەوەیەکی سیاسی، بوونە ئەندام لە حیزبێکدا، خۆکاندیدکردن، تەنانەت بەڕێوەبردنی پۆستێکیشی بە بەشداریی سیاسی هەژمار کردووە (p. 18).

هەریەکە لە Kaase و Marsh (1979) ئاماژەیان بە نزیکەی بیست شێوەی جیاجیای بەشداریی سیاسی داوەو بەسەر جۆر یا شێوەی تەقلیدیی (Conventional) و ناتەقلیدیی (Unconventional)دا دابەشیان کردوون. شێوە تەقلیدییەکان ئەو شێوانەن کە ڕێگەپێدراو و یاسایین و ئامانج لە پیادەکردنیان، هەبوونی کاریگەرییە بەسەر کاربەدەستان و کۆی پرۆسەی سیاسییەوە، هەر لەو کردە و چالاکییانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە وەک بەشداریکردن و دەنگدان، تا دەگاتە هاندان خەڵک بۆ دەنگدان و بانگەشە بۆ لایەن یا کاندیدێک لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەندامبوون لە حیزبێکی سیاسیدا، بەدواداچوون و تاوتوێکردنی سیاسەت، بەشداریکردن لە کاری بە کۆمەڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشە خۆجێییەکانی کۆمەڵگا، ئامادەبوون لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکان، پەیوەندیکردن و گەیشتن بە کەسانی سیاسی و بەرپرس. لە بەرامبەردا، جۆر یا شێوە ناتەقلیدییەکانیش کە زەمینەیەکی یاسایی ئەوتۆیان نییە پێکدێن لە واژۆکردنی سکاڵاکان، بایکۆتکردن، خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی، ڕەتکردنەوەی دانی کرێ و باجەکان، بەشداریکردن لە مانگرتنە گشتییەکان، دەستبەرداگرتنی تەلار و باڵەخانەکان، داخستنی شەقامەکان و پەکخستنی هاتوچۆ.

هەرچەندە و پاڵپشت بە گووتە هەریەکە لە Linssen (2016) و Magnus (2017) کە دەڵێن لەسەردەم و ڕۆژگاری ئێستادا، زۆرێک لەو شێوانەی بەشداریی سیاسی بەتایبەت هەریەکە لە مانگرتن و واژۆکردنی سکاڵا و تەنانەت بایکۆتکردنیش، لە خانەی شێوە ناتەقلیدییە هەژمار ناکرێن بەوپێیەی کە ڕەزامەندییەکی گشتییان لەسەرەو، بەشدارییکردن تیایاندا بە ئاسایی وەردەگیرێت، بەڵام مەرج نییە زۆرێک لەو شێوانە لەهەموو وڵات و کۆمەڵگایەکدا چووبنە خانەی شێوە تەقلیدییەکانی بەشداریی سیاسییەوە.

ئەم جۆرناسیانە بەهەر جۆرێک و ئەندازەیەک بێت، زەمینەکی لەباریان بۆ گەڵاڵەبوونی چەند پێناسەیەک ڕەخساند؛ بەپێی یەکێ لە پێناسە کلاسیکییەکان، بەشداریی سیاسی ئاماژەیە بۆ ((**ئەو چالاکییە خۆبەخشییانەی کە ئەندامانی کۆمەڵگا بەشدارییان تێدا دەکەن لەمیانەی هەڵبژاردنی کاربەدەستان، یا فۆرمەلەکردنی سیاسەتی گشتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ**)) (McClosky 1968, p..252، وەرگیراوە لە: Bergström 2006, p.4).

لە زووربەی توێژینەوە مەیدانییە هاوچەرخەکانیشدا، بەشداریی سیاسی وەک چەمکێکی سادە و خودان بنیادێکی تیۆریی شیاو بۆ لێتوێژینەوە دەردەکەوێ. بەپێی ئەو پێناسانەش کە زووربەی ئەدەبیاتی پێشووی هاوچەرخی بەشداریی سیاسییان تەنیوە، بەشداریی سیاسی:((**ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو چالاکییە خۆبەخشیانەی هاوڵاتیان بە ئامانجی هەبوونی کاریگەریی بەسەر بڕیاریی سیاسییەوە لە هەموو ئاستە جیاجیاکانی سستێمی سیاسییدا ئەنجامیان دەدەن**)) (Kaase and Marsh 1979, p. 42). یاخود ((**بریتییە لەو چالاکییەی کە مەبەست یا نیاز لە ئەنجامدانی، کارتێکردن یا هەبوونی کاریگەرییە بەسەر چالاکییەکانی حکومەتەوە جا بەشێوەیەکی**

**ڕاستەخۆ بێ لەڕێی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتییەوە، یا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەمیانەی هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە ئەو سیاسەتانە دادەڕێژن))** (Verba et al. 1995, p. 38).

بە تێڕوانینی Vromen (2003) پێویست ناکات بەشداریی بەسەر ئەو کردە چالاکییانەدا دەبەش بکرێت کە پێیان دەڵێن سیاسی و ناسیاسی، بەڵکو لەجیات ئەوە دەکرێ لەچوارچێوەیەکی فراوانتردا وەها بڕوانینە بەشداریی کە، ئەو کردە یا چالاکییانەن کاتێک بەدیار دەکەون کە تاکەکان بەشێوەیەکی تاکەکەسی، یا بەکۆمەڵ بەشدارییان تێدا دەکەن و، لەناوەڕۆکدا بایەخ بە لەشێوەدانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەدەن کە تیایدا دەژین. ئەم چەشنە تێڕوانینە دەهەمبەر بەشداریی سیاسی، جۆرێک جەختکردنەوەیە لەسەر پێویستی بوونی دامەزراوە سیاسییەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی ئامانجیان هێنانەکایەوەی ئەو دامەزراوانەیە وەک بەشێکی جیانەبووەوە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکان.

بە بۆچوونی Bergström (2006) پێناسەیەکی فراوانتر لەو پێناسانانەی کە لەڕابردوودا خراونەتەڕوو بۆ بەشداریی سیاسی، پێناسەکەی (لام)ە. لام پێیوایە کە بەشداریی سیاسی لە ڕۆژگاری ئێستادا، هەر تەنها بریتی نییە لە پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و حکومەت، بەڵکو ئەو پێیوایە کە بەشداریی سیاسی ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو چالاکیە یاسایی و نایاساییانەی کە دەبنە مایەی گەیاندنی پاڵپشتی، یا داواکاریی و گفتوگۆ و هەموو گوزارشتێکی دیکەی سیاسی چ بەشێوەیەکی زارەکی بێت، یا لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان. هەر ئەوەندە نا، بەڵکو (لام) وایدەبینێ کە بەشداریی سیاسی ئەو چالاکییە سیاسییانەش لەخۆدەگرێت کە ڕووی ئاراستەیان لە دامەزراوە تایبەتییەکانی وەک بۆ نمونە بەڕێوەبەرایەتی زانکۆکان و کار وسەرمایەگوزاریشە؛ ئەمەش بەوپێیەی کە ئەو دامەزراوانەش، بەجۆرێک نەخشەساز کراون تا لە ئاست ئاڵنگاریی ئەو ڕێسا و پێوەر و کردە و ڕێوشوێنانە دابن، کە هەن و پیادە دەکرێن.

لە ناوەڕۆکی زووربەی پێناسەکان بۆ بەشداریی سیاسی، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە بەشداریی سیاسی، ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی و چالاکییەکی خۆبەخشە کە هاوڵاتیان لەپێناو پرس و بەرژەوەندیی گشتیدا بەشداریی تێدا دەکەن هەر لە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان و هاندانی خەڵک بۆ ئەم مەبەستە، ئەندامێتی ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکان، تاوتوێکردن و بەدواداچوون و وەرگرتنی زانیاریی لەبارەی سیاسەتەوە، بەشداریکردن لە کاری بە کۆمەڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشە خۆجێییەکانی کۆمەڵگا، چوونە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکان، پەیوەندیکردن و گەیشتن بە بەرپرس و سیاسییەکان تا دەگاتە واژۆکردنی سکاڵا، بایکۆتکردن، بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی و مانگرتنە گشتییەکان، دەستبەرداگرتنی تەلار و باڵەخانەکان، داخستنی شەقامەکان و تەنانەت ڕەتکردنەوەی دانی کرێ و باجەکانیش بە ئامانجی دانانی کاریگەریی بەسەر پرۆسەی گەڵاڵەکردنی بڕیاری سیاسییەوە، بەشێوەیەکی گشتی لێرەدا دەتوانین بڵێین کە بەشداریی سیاسی، ئەو چالاکییە خۆبەخشانەن کە هاوڵاتیان بەشێوەیەکی خۆبەخش و ئازادانە بەشدارییان تێدا دەکەن، ئەویش بەئامانجی هەبوونی کاریگەریی لەشێوەی پاڵپشتی، یا ڕەتکردنەوە و گۆڕینی ئەو ناوەند و کەس و لایەنانەی، بەرپرسیارن لە گەڵاڵەکردن و جێبەجێکردنی بڕیاری سیاسی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## 3- چوارچێوەی تیۆریی و ئەدەبیاتی پێشوو:

بەپێی روپێوێکی سەنتەری Gallup بۆ ساڵی 2015، (63%) هاوڵاتیانی جیهان دیندارن، لەبەرامبەر (22%) لەوانەی پابەند نین بە ئایینەوە. لەسەر ئاستی کیشوەر و ناوچەش، لە ئەفریکا (86%)، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (82%)، رۆژهەڵاتی ئەوروپا (71%)، ئەمریکا (66%)، ئاسیا (62%)ی خەڵکی خۆیان بە دیندار ناساندووە.

دینداریی خەڵک بەو رێژە بەرزە، پێدەچێ هۆکارێک بێت بۆ وەها تێهزرینێک کە پابەندبوون بە ئایین و هاموشۆکردنی پەرستگاکان بەمەبەستی بەشداریی و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان، دەشێ چ بایەخ و کاریگەرییەکیان هەبێت بەسەر بەشداریی سیاسی خەڵکەوە، هەر بۆیەش لە روپێو و توێژینەوەکاندا سەبارەت بە بەشداریی سیاسی، پانتاییەکی فراوان بۆ ئەم باس و پرسە تەرخانکراوە. بەگشتیش لەمەڕ پەیوەندی نێوان دینداریی و بەشداریی سیاسی، دوو قوتابخانە هـــەن. لەچوارچێوەی قوتابخانەی یەکەمدا مەزەندەی توێژەران وەهایە کە چالاکییە ئایینییەکانی وەک ئامادەبوون لە پەرستگا و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان تا دەگاتە بەشداریکردنێکی رێکخراو، دەبنە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی و لێهاتووییەکی مەدەنی وەها کە تاک بۆ بەشداریی سیاسی ساز دەدەن. لە قوتابخانەی دووەمدا باری سەرنجی توێژەران کەوتۆتە سەر کێبڕکێیەکی هزریی سەبارەت بە جیاوازییە ئایینزایی و تایفییەکان کە چۆن پیادەکردنی هەندێکیان پاڵ بەتاکەوە دەنێن بۆ بەشدارییکردن لە چالاکییە مەدەنی سیاسییەکان، هەندێکیشیان بە حوکمی پیادەکردنیان، تاکەکاکان لە بەشداریی سیاسی دووردەخەنەوە(Sarkissian 2012, p.608).

بەپێی ئەنجامەکانی هەندێ لە توێژینەوەکان لە ئەدەبیاتی پێشوودا، ئەو خەڵکانەی کە باوەڕدارن و هاموشۆی پەرستگاکان دەکەن بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان یا ئەندامن لە کۆمەڵە و رێکخراوە ئایینییەکاندا بەمەبەستی بەخشین و پێشکەشکردن خزمەتگوزاریی و بە بایەخەوە دەڕواننە ئایین، خاوەن لێهاتوویی مەدەنی زیاترن، بۆیە زیاتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن (Smidt 1999، Verba et al. 1995، Putnam 2000، Norris 2004، Norris and Inglehart 2004، Dana et al. 2011، Radu 2016)؛ لەناوکۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسیشدا، زیاتر بەشداریی لە دەنگدان و هەڵبژاردنەکاندا دەکەن (Verba and Nie 1972، sallach et al. 1972، Verba et al. 1995، Dana et al. 2011، Radu 2016).

بەوواتایەش، ڕەنگە بەشداریکردن بە حوکمی دینداریی‌یەوە، زیاتر بەشداریکردنێکی تەقلیدی بێت و کەمتر بوارە ناتەقلیدییەکانی بەشداریی سیاسی بگرێتەوە (Sönmez 2013, p.403). هەر لەمبارەیەوە Radu (2016) هەمان ئەم ئەنجامەی سەلماند کاتێک بۆی دەرکەوت کە لەهەریەکە لە پۆڵەندا و ڕۆمانیا، هەڵوێستی پارێزکارانەی کەنیسە و دارودەستەکەی، بووەتە مایەی کەمتر بەشداریکردنی خەڵکی دیندار لە شێوە ناتەقلیدییەکانی وەک سکاڵاکردن یا کۆکردنەوەی واژۆ. هاوکات مەرجیش نییە هەموو ئایین یا ئایینزاکان بە هەمان شێوە ببنە مایەی کاریگەریی بەسەر بەشداریی سیاسیی تاکەوە؛ کەنیسەی کاسۆلیکی بەهۆی بنیادە هەرەمییەکەی، کەمـتر گـۆڕەپانێکـە بۆ فێربوونی کارامەییەکی کارا لەڕووی مەدەنییەوە بۆ بەشدارییکردن لە بواریی سیاسیدا (Putnam 1993، Verba et al. 1995).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەپێی ئەو ئەنجامانە بێ کە Sönmez(2013) پێیان گەیشت سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئایین و بەشداریی سیاسی لای قوتابیانی زانکۆ لە تورکیا، تا باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی تاک بەرەو باشتر هەڵکشێ، کەمتر پابەند دەبێ بە ئایینەوە، بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی ئاستی دینداریی، ئاستی بەشداریکردنی لە هەموو شێوەکانی بەشداریی سیاسی دادەکشێ. ڕەنگە ئەو ئەنجامە مانای جۆرێک تێکگیربوون بگەیەنن لەگەڵ بیرۆکە و گریمانە سەرەکییەکانی مۆدێلە تیۆرییەکەی هەریەکە لە Verba و Brady و Schlozman (1995) کە دەڵێن: ئەو کەسانەی خاوەن بارێکی کۆمەڵایەتی – ئابووریی باڵان، زیاتر بەشداریی لەسیاسەتدا دەکەن. هاوکات بەشداریی سیاسی پێویستی بە کارامەیی مەدەنییە و ، دینداریش یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەو کارامەییانە.

سەرەڕای باوەڕی پوتنامیش بەوەی کە ڕێکخستن و بەشدارییکردن لە چالاکییە ئایینییەکان، بەشدارن لە دروستکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و لێهاتوویی مەدەنی، بەڵام پێیوایە کە ڕۆڵیان، ڕۆڵێکی سنورداره بەراورد بە بەشداریکردن لە هەر کردەیەکی خۆبەخشی لەڕێی ڕێکخراو و کۆمەڵە عەلمانییەکانەوە. لەمبارەیەوە ئاماژە دەدا بەوەی کە لە (1996)دا، 73% ئەندامانی ڕێکخستنە عەلمانییەکان و55% ئەندامانی ڕێکخستنە ئایینییەکان، لە خۆبەخشیدا بەشدارییان کردووە. بە تێگەیشتنی پوتنام، ئامانج لە بەخشین و ئەندامێتی جیاوازە لەنێوان ئەندامبوون لە ڕێکخراو و کۆمەڵە ئایینی و عەلمانییەکاندا بەجۆرێک کە، بەخشین و بەشداریکردنی مەدەنی لەڕێی ڕێکخراو و کۆمەڵە عەلمانییەکان لە ئەمریکا، پەیوەستە بە بەشداریکردن لە پڕۆژە خۆجێییەکان، لە کاتێکدا بەشداریکردن لەڕێی ڕێکخراو و کۆمەڵە ئایینییەکانەوە بەو شێوەیە نییە. خەڵکی لە ڕێکخستە ئایینیە خۆبەخشییەکاندا، بەشدارن لەپێناو چوونە کڵێسا یا بینینی دەسوپێوەندی کڵێسا، لە کاتێکدا خەلکی چالاک لە ڕێکخراو و کۆمەڵە عەلمانییەکان، بەزۆری سەرقاڵی پاککردنەوەی یاریگا خۆجێییەکانن (Putnam 2000, p.119).

تاڕادەیەک بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی پوتنام، باوەڕی Smidt (1999) وەهایە کە ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییەی لە بنیادێکی ئایینییەوە سـەرچاوە دەگرێ، هەر تەنها یارمەتیدەر نییە بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی خۆبەخشی فەرمی و ئایینی، بەڵکو بنیادێکیشە بۆ ئەنجامدانی چەندین کاری خۆبەخشی نائایینیش. بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەش کە هەر یەکە لە Norris و Inglehart (2004) خستوونیانەتەڕوو، ئەو کەسانەی ئەندامی ڕێکخراو و کۆمەڵە ئایینییەکانن، بە ئاستێکی بەرز بەشداریی لە هەڵوێست و ڕەفتارە مەدەنییەکاندا دەکەن هەر لەڕووی متمانەیان بە دامەزراوە سیاسییە باڵاکان، بەشداریکردن و دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان، پاڵپشتیکردنی دیمۆکراسی، لێبوردەیی و متمانەی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندی سیاسی، واژۆکردنی سکاڵاکان تا دەگاتە بایکۆتکردن. تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەش کە قۆناغی بە پیشەسازیبوون و بە عەلمانیبوونیشیان بڕیوە، ئایین لە گۆڕەپانی بەشداریی سیاسییدا، ئامادەییەکی تەواو و کاریگەریی هەیە. هەر بەگوتەی ئەم دوو توێژەرە، لەسەر ئاستی جیهان بەڵگەیەکی وەها لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە پاشەکشێی ئایین و ڕۆڵی لە کایەی سیاسی وڵاتاندا.

بە گوتەی Eric McDaniel، بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و دواتریش، کەنیسەکان سەرچاوەی هێز و بەشداریی سیاسیین لە ئەمریکا، بەتایبەت بۆ ئەو ئەمریکیانەی لەبنەڕەتدا خەڵکی ئەفریکان (Dana et al. 2011, p.509). بە مەزەندەی هەریەکە لە Verba و Brady و Schlozman (1995)،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەشداریکردنی ئەمریکییە بەڕەگەز ئەفریکییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە سیاسەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەر بە کەنیسەی پرۆتیستانتین، زووربەی ئەوانەی کەم بەشداریی سیاسیین، کاسۆلیکین. بەوواتایە و بە گوزارشتی ئەم سێ توێژەرە ئەمریکییە، کەنیسە پرۆتستانتییەکانی ئەمریکا هاوشێوەی ڕێکخراوێکی کارا لەڕووی مەدەنییەوە، هەلی زیاتر دەڕەخسێنن بۆ تاک تا پەرە بە لێهاتوویی مەدەنی بدات لەڕێی بەرجەستەکردنی ئەو پەیوەندیی یا بەیەکگەیشتن و توانا جەوهەریی و سەرەکییانەی پێویستی بەشداریی سیاسین، لە کاتێکدا کەنیسەی کاسۆلیکی هەمان ئەو هەلانە بۆ تاک نارەخسێنێ.

لە ئەمریکا کاریگەریی پابەندی ئایینی و ئاینزایی بەجۆرێکە کە ئەوانەی باوەڕدار و پابەندن بە ئایینەوە، بەڕێژەی 25% زیاتر لەوانەی باوەڕدار و پابەند نین بە ئایینەوە، دەنگ دەدەن. نزیکەی سێ لەسەر چواری ئەوانەی لەبەرژەوەندی حیزبە ڕاستڕەوەکان دەنگ دەدەن، بەلایەنی کەمەوە لە هەفتەیەکدا، جارێک چوونەتە پەرستگا. لەبەرامبەردا کەمتر لەنیوەی ئەوانەی پابەندی ئایین نین، لەبەرژەوەندی ئەو حیزبانە دەنگ دەدەن. لە زووربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەوروپا، کاسۆلیکەکان لە پرۆتستانتەکان زیاتر دەنگ بە حیزبە ڕاستڕەوەکان دەدەن. کەنیسەکانی ئەورووپای رۆژئاوا، پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ حیزبە مەسیحییە دیمۆکراس و پارێزکارەکان هەیە لەپای بایەخدان و پابەندییان بە بەها ئاکارییە تەقلیدییەکانی پەیوەست بە چەند پرسێکی دیاریکراوی وەک هاوسەرگیریی و جیابوونەوە و پرسی یەکسانی جێندەریی و مافەکانی هاورەگەزبازەکان (Norrise, 2004, pp113-114).

بە گووتەی Lynch (1998)، ڕۆڵی زیاتر و ئەرێنی کەنیسە پرۆتستانتییەکان لەمەڕ بەرجەستەکردنی کارامەیی مەدەنی و بەشداریی سیاسیی تاک، دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار. یەکەم، پێداگیریی زیاتر دەکەن لەسەر ڕاهاتنی تاک لەسەر شرۆڤە وفێربوونی تەورات لەڕێی پرۆگرامی تایبەتەوە، کە بەوهۆیەش توانای خوێندنەوەیان بەرەوپێشدەچێ و دەتوانن بۆ نمونە رۆژنامە بخوێننەوە، یا سکاڵا و دەنگی نارەزاییان بگەیەنن. دووەم، ئەو کەنیسانە خاوەن بنیادێکی نیمچە دیمۆکراسیین بەوپێیەی کە بۆ هەڵبژاردنی پیاوانی ئایینی و قەشەکان پیادەی هەڵبژاردن دەکەن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێک ڕاهێنانە لەمەڕ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا. سێیەم، ئەو کەنیسانە ڕۆحی یارمەتیدان و چالاککردنی هاوڵاتیانیان هەیە لەڕێی ئامۆژگاریکردن، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و دروستکردنی قوتابخانە و .... تاد. تا ئێرە جۆرێک لە داکۆکیکردن هەیە لە رۆڵی ئەرێنی و زیاتری کەنیسەی پرۆتستانتەکان لەمەڕ بەخشینی کارامەیی مەدەنی و بەشداریکردنی زیاتر لە سیاسەتدا بەراورد بە کاسۆلیکەکان، بەڵام مەرج نییە هەمان ئایین و ئایینزا لە وڵات و کۆمەڵگای دیکە، هەمان رۆڵ ببینن، یا بەهەمان ئەندازە سەرمایەیەکی مەدەنی ببەخشنە تاک.

ئەوەی کە بووەتە مایەی چاوەڕێکردنی ڕۆڵێکی نەرێنی لە کەنیسەی کاسۆلیکی، ئەوەیە کە هەندێ کات لە هەندێ شوێن ڕێگربووە لەبەردەم بڵاوبوونەوە و پیادەکردنی رەفتار و چالاکییە مەدەنییەکان. بەدیکردنی ئەو هەڵوێستەش لە مێژووی سیاسی ئیتاڵیا هۆکارێک بوو تا رۆبەرت پوتنام پێیوابێ کە کەنیسەی کاسۆلیکی، کاریگەرییەکی نەرێنی بەسەر چالاکییە مەدەنییەکانەوە هەبووە لە ئیتاڵیا بەجۆرێک تا کۆتا چارەکی سەدەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بیستەم، پاپا بەشداریکردنی کاسۆلیکەکانی لە سیاسەتدا، بە قەدەغە دەدایە قەڵەم، هەڵوێستێکی نەرێنیشی هەبووە دەهەمبەر هەر چاکسازییەکی سیاسی و هزریی و بەمەدەنیبوون. تەنانەت پابەندبوون بە ئایینەوە، پەیوەندیی و کاریگەرییەکی نەرێنی بەسەر ڕواڵەتەکانی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریشەوە هەبووە. ڕێژەی 52% لەوانەی لەهەفتەیەکدا زیاتر لە جارێک دەچوونە کەنیسە، خوێنەری ڕۆژنامە نەبوون، 51%یان بەهیچ شێوەیەک بەلای تاوتوێکردنی سیاسەتدا نەچوون(Putnam 1993, pp.107-108).

بە گووتەی Patterson (2005) سەرەڕای زۆربوونی ژمارە و ڕۆڵی سیاسی و مەدەنیانەی پرۆتستانتەکان لە ئەمریکای لاتین (بەرازیل و شیللی)، بەڵام بە ئەندازەیەکی وەها چالاکتر لە کاسۆلیکەکان دەرناکەون لەڕووی بەشداریی و بایەخدان بە سیاسەتەوە، تەنها ئەوە نەبێ کە پرۆتستانتەکان دەنگدەری تاڕادەیەک نەگۆڕن و خۆیان لە سیاسەت بەدوور ناگرن. تەنانەت هەریەکە لە Correa و Leal (2001) بەو ئەنجامە گەیشتوون کە، هۆکارێکی بەڵگە ئاماریی نییە سەبارەت بە کەم بەشداریکردنی کاسۆلیکەکانی ئەمریکای لاتین لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو هاوشێوەی کەنیسەی پرۆتستانتی، کەنیسە کاسۆلیکییەکانیش بەڕادەیەکی زیاتر هانی شوێنکەتوانیان دەدەن بۆ بەشدارییکردن لە سیاسەتدا. ئەمە و جگە لەوەی کە Hale (2015) دەڵێ لاهوتی کاسۆلیکی پێشکەوتنخواز پاڵپشت و پارمەتیدەری بزووتنەوە جەماوەرییەکان بووە لە هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی دیمۆکراسی لە ئەمریکای لاتیندا، بەڵام لە دۆخی نامەرکەزییەتی ئاییندا کە بەسەرچاوەیەکی گرنگی بەشداریی سیاسیش هەژمار دەکرێت، لەبەرئەوەی لەوەها دۆخێکدا، دامەزراوە ئایینییەکان دەتوانن خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بە شوێنکەوتوانیان بکەن. لەچوارچێوەی ئەم پرۆسەیەشدا، ژێرخانێکی بنیادی پێویست ساز دەبێ و کارامەیی تاکەکان لەڕووی مەدەنییەوە هێندە بەرەو پێشدەچێ، ئەگەری بەشداریی سیاسیان زیاترە.




سەرچاوە: (Gallup 2009)

**شێوەی (1-3) بایەخی ئایین لە ژیانی مسوڵمان لە هەندێ وڵات دەخاتەڕوو**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

سەبارەت بە کاریگەریی پابەندی مسوڵمانان بە ئاییني ئیسلام و چوونە مزگەوت بەسەر بەشداریی سیاسییەوە لە وڵاتانی زۆرینە مسوڵمان و ڕۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە، ئەدەبیاتێکی پێشووی دەوڵەمەند هەیە. ئەم باسە بەشێوەیەکی بەرفراوان وروژێندراوە بەوپێیە و هەروەک لە شێوەی (1-3)دا دەردەکەوێ کە، ئایین بەڕێژەیەکی باش لە زووربەی وڵاتاندا، بایەخێکی زۆری لە ژیانی مسوڵماناندا هەیە. بەو پێودانگەش ناشێ ڕۆڵ و کاریگەریی ئایین لە پانتایی ژیانی سیاسی مسوڵماناندا بەهەند وەرنەگیرێت، لە حاڵی بەهەندوەرگرتنیشی، ناکرێ و نابێ هەمان هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بۆ بکرێت؛ ڕەنگە ئەو کاریگەرییەی پابەندبوون بە ئایین بەسەر بەشداریی سیاسی مسوڵمانان لە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆئاواییدا هەیەتی، جیاواز بێت لە دۆخی بەشداریی سیاسی لەسایەی پابەندبوونی مسوڵمانان بە ئایینەوە لە وڵاتانی زۆرینە مسوڵماندا.

لە زووربەی ڕووپێو و توێژینەوەکاندا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پابەندبوونی مسوڵمانان بە ئایین و بەشدارییان لە ژیانی سیاسی و مەدەنییدا، بایەخی ئایین بۆ ژیان و چوونە مزگەوت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان و بەشداریکردن لە کۆمەڵە ڕێکخراوە ئایینییەکان، کراونەتە پێوەر. بەواتای ویستویانە بزانن کە ئاخۆ ئەو کەسانەی دەڵێن ئایین بایەخێکی ئەوتۆی هەیە لە ژیانیان و دەچنە مزگەوت و پەرستگاکان، بەشداریش لە بۆنە و ڕێکخراو و کۆمەڵە ئایینییەکاندا دەکەن، زیاتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن، یاخود ئەوانەی دوور و نزیک وابەستەییەکی ئەوتۆیان بە ئایینەوە نییە؟

لە ڕاپرسییەکی هاوبەشی (MAPS)[1] و Zogby[2] (2001)، بەلای مسوڵمانانی ئەمریکا، سیاسەت بەشێکە لە تەوەری گفتوگۆی ناو خێزان و هاوڕێیان؛ بەوپێیەش بایەخەکەی بۆ ئەوان بەجۆرێکە کە زیاد لە سێ لەسەر چواریان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا خۆ تۆمار دەکەن و خوازیاری دەنگدانن، بەهەمان ئاستیش بەشداریی لە چالاکی و پرۆگرامەکانی گەنجان و ڕێکخراوە کۆمەک بەخشەکاندا دەکەن. نیوەیان چ بە تەلەفۆن یا نوسین، پرسێکی دیاریکراویان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سیاسییەکان گەیاندووە.

بەپێی ڕاپرسییەکەی Gallup لە( 2011)، ئەو مسوڵمانانەی لە ڕۆژئاوا دەژین و بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن، 45%یان بەشێوەیەکی بەردەوام بەلایەنی کەمەوە هەفتانە هاموشۆی مزگەوت دەکەن، 68%یان بەلایەنی کەمەوە مانگانە بە بەردەوامی دەچنە مزگەوت، 10% ئایین بە بایەخ و گرنگتر دەزانن لەوانەی بەشداریی لە سیاسەتدا ناکەن و 49%یان بەدەگمەن نەبێ ناچنە مزگەوت(Cesari 2013, pp. 71-72). هاوکات ئەو مسوڵمانانەی پابەندن بە ئایینەوە 11% زیاتر بەتەنگ زانینی هەواڵ زانیارییەوەن سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان و سیاسەتی ئەمریکا. بەوواتایەش، مزگەوتەکانی ئەمریکاش، پاڵپشت و هاندەرێکی سەرەکی بەشداریکردن و تێکەڵبوونی مسوڵمانانن بە کۆمەڵگای ئەمریکی (Dana et al. 2011, pp.515- 517).

سەرباری ئەو ئەنجامە مەیدانیانەش، کەچی دەگوترێ ناشێ چوونە مزگەوت و بەشداربوونی مسـولـمانان لە ڕێکخراو و کۆمەڵە ئایینییەکاندا، پێوەری شیاو بن بۆ پێوانەکردنی ڕاددەی پابەندبوونی مسوڵمانان بە ئایینەوە؛ هاوکات

[1]Muslims in American Public Square.
[2] Zogby International Poll.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

مزگەوت و كۆمەڵە و ڕێكخراوە ئیسلامییەكان، بە هەمان ئەندازە و هاوشێوەی كەنیسە و بەشداربوونی مەسیحییەكانی ڕۆژئاوا لە ڕێكخراو و كۆمەڵە مەسیحییەكاندا، سەرمایەیەكی كۆمەڵایەتی و لێهاتوویی مەدەنی بنیات بنێن( Sarkissian 2012, p. 607). لەمبارەیەوە Cesari (2013) پاڵپشت بە ئەنجامەكانی ڕاپرسییەكی سەنتەری Gallup لە 2011 دەڵێ كە ڕەنگە كەسی مسوڵمان بچێتە مزگەوت، بەڵام مەرج نییە هۆكاری چوونی بۆ مزگەوت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نوێژ و پەرستنەوە هەبێت، لەبەرئەوەی بەشی زۆری بۆنە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكانیش، هەر لە مزگەوتدا یادیان دەكرێتەوە و بەڕێوە دەبرێن. هاوكات لە ئەوروپا و ئەمریكاش، ئافرەتان كەمتر لە پیاوان دەچنە مزگەوت، بەڵام ئەگەر پێوانەی سەرەكی پابەندبوون بە ئایین چوونە مزگەوت بێت، ئەوا وا دەردەكەوێ كە ئافرەتانی مسوڵمان كەمتر پابەندن بە ئایینەوە بەراورد بە پیاوان لە كاتێكدا ئاماژەكانی دیكە دەریدەخەن كە ئافرەتان نوێژكەر و ڕۆژووگرترن لەپیاوان و زۆر خۆیان لە خواردنی خۆراكە قەدەغەكراوەكان دەپارێزن. بەوپێودانگەش، ئافرەتان زیاتر پابەندن بە ئایینەوە.

بەپێی ئەنجامەكانی ڕرووپێوێكی دیكەی Gallup لە 2009، مزگەوتەكانی ئەمریكا سەرەڕای ئەوەی شوێنێكن بۆ نوێژكردن، لە پشووی كۆتایی هەفتەدا، وەك ناوەندێكی كۆمەڵایەتی و قوتابخانەیەكی ئایینی و سەنتەری گەنجان و شوێنێك بۆ بەخشین بەكاردەهێنرێن. ڕەنگە ئافرەتان بە ژمارەیەكی كەمتر لە پیاوان بەشداریی لە نوێژەی هەینیدا بكەن، بەڵام پێدەچێ بەشدارییەكی كارایان لە ئەركەكانی دیكەی مزگەوتدا هەبێت. بە گوزارشتی Sarkissian (2012)، لە كۆمەڵگا و وڵاتانی زۆرینە مسوڵماندا، پەیوەندی بایەخی سیاسەت لە ژیانی تاكدا بە ئاستی دینداریی تاكەوە لاوازە؛ بیرمەند و توێژەرانیش لەمیانەی بایەخدان بە لێتوێژینەوەی ئاراستە و ڕەفتارە جەماوەرییەكان لەو كۆمەڵگایانەدا، زیاتر خوازیاری سەرنجدانی ئەوە بوون كە دینداریی و هەر جۆرە بەشدارییەكی مەدەنی و سیاسی، چ جۆرە كاریگەرییەكیان بەسەر ئاراستە و تێگەیشتن دەهەمبەر دیمۆكراسییەوە هەیە؟

سەرباری ئەوەش، پێدەچێ كەم تا زۆر ڕووپێوەكانی سەنتەری ڕووپێوی بەها جیهانییەكان(WVS) پێشینە و بەرچاوڕوونییەكـی باشتر بن سـەبارەت بە كـاریگەریی دینداریی بەسەر بەشداریی سیاسییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی وعێراق و هەرێمی كوردستان بەتایبەتی. بەپێی ئەنجامەكانی ڕوپێوێكی ئەم سەنتەرە لە عێراق بۆ ساڵی (2013)، 84.7% خەڵكی عێراق، ئایین بە بەشێكی زۆر گرنگی ژیانیان دەزانن. ئەم بە گرنگ زانینەی ئایین بەپێی ڕەگەز و تەمەن دەگۆڕێت بەجۆرێك كە بایەخی ئایین بەلای پیاوانەوە زیاترە، بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی 50 ساڵییەوەیە. سێ لە چوار بەشی عێراقییەكان وەك كەسێكی دیندار خۆیان ناساندووە و هاموشۆی پەرستگاكان دەكەن، بە هەمان ڕێژەش ڕۆژانە ئەركە ئاینییەكان بەجێ دەگەیەنن. هەر بەپێی ئەنجامەكانی هەمان ڕووپێو، ڕێژەی ئەندامبوونی خەڵكی عێراق لە ڕێكخراوە ئایینی، پیشەیی، كرێكاریی، وەرزشی، هونەریی، خێرخوازیی، بەكاربردن و ژینگەپارێزییەكان، لە 1% تا 10% زیاتر نییە؛ كەمتر لە 5%یان بەشدار بوون لە بەخشینی پارە ئەو ڕێپێوانانەی لەپێناو پاراستنی ژینگەدا ڕێكخراون. لەمەڕ متمانەیان بە دامەزراوەكان، متمانەیان بە دامەزراوە ئایینییەكان بەڕێژەی (86%) زیاترە لە متمانەیان بە حكومەت بەڕێژەی (38%) و حیزبە سیاسییەكان بەڕێژەی(10.9%). سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی(46.5%) خەڵكی عێراق بە بایەخەوە لە سیاسەت دەڕوانن، بەڵام تەنها ڕێژەی (3.1% )یان خۆیان وەك ئەندامی حیزبە سیاسییەكان ناساندووە. ڕەنگە هەر ئەمەش هۆكارێك بووبێت بۆ بەشدارییكردن و نیازی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەشداریکردنی زیاد لە(25%)یان لە شێوە جیاجیاکانی دەربڕینی ناڕەزایی سیاسی و مەدەنی وەک گردبوونەوە و خۆپیشاندان و کۆکردنەوەی واژۆ و بایکۆتکردن و ....تاد. سەرباری هەموو ئەو ئەنجامانەش، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و هەڵوەستەیە ئەوەیە کە تا بایەخی ئایین بەلای تاکی عێراقییەوە کەمتر بێت، زیاتر بە بایەخەوە لە سیاسەت دەڕوانن! بەڵام ئەوانەی کە خۆیان پێ کەسێکی دیندار نییە، کەمتر بەشداریی لە کۆکردنەوەی واژۆ، بایکۆتدا دەکەن، کەچی لە دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپیشاندان و هەڵبژاردن و دەنگداندا، کەسە دیندارەکان زیاتر بەشداریی دەکەن، بەڵام ئەوانەی ناچنە پەرستگا و پابەندنین بە بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان، کەمتر دەنگ دەدەن.

لە تورکیا بەپێی ئەنجامێکی سەرەکی توێژینەوەکەی Sönmez (2013)، پەیوەندییەکی ئەرێنی ڕاستەوانەی ئاماژە ئاماریی لەنێوان دینداریی و بەشداریکردن لە کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسییدا نییەو، زۆرینەی ئەوانەی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریيان باشە، کەمتر دیندارن؛ بە گوزارشتی Kalaycioğlu (1994) لە تورکیادا، جگە لە کاریگەریی نەرێنی ئەو بنەما ئایینییەی کە فەرمان بە ملکەچی مسوڵمانان دەکات بۆ فەرمانڕەوایانی سیاسی، بەهەڵەداناچین ئەگەر وای مەزەندە بکەین کە ئیسلام تەیارێکی شۆڕشگێڕیی نییە، بەڵکو وەک هێزێکی سیاسی تەقلیدی لە سیاسەتی تورکیدا خۆی نیشانداوە، بۆیەش دینداریی و ئەندامبوون لە ڕێکخراوە خۆبەخشەکاندا، نەبوونەتە مایەی بەشدارییەکی کارای تاک لە دەربڕینی ناڕەزایی سیاسییدا (political protest)؛ کەچی بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی .Canetti et al (2010)، لە ئیسرائیل بەراورد بە جووەکان، ئەو مسوڵمانانەی زیاتر دیندارن و باری کۆمەڵایەتی – ئابووریيان نزمە و لەژێر پاڵەپەستۆی هەڵاوێردن و بێبەشکردن دان، زیاتر پاڵپشتی لە توندوتیژی سیاسی دەکەن وەک شێوەیەک لەشێوەکانی بەشداریی سیاسی.

بەگشتی و بەپێی پاشخانی تیۆریی و ئەدەبیاتی پێشوو، پەیوەندی نێوان دینداریی و بەشداریی سیاسی، پەیوەندییەکی فرە ڕەهەند و فرە ئاراستە و دەشێ بەپێی جۆر و شێوەی پیادەکردنی ئایین شێوەی بەشداریی سیاسی و سروشتی کۆمەڵگاکان بگۆڕێت. ئەدەبیاتی پێشوو سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دینداریی و بەشداریی سیاسی پێماندەڵێ کە بە پێچەوانەی وڵاتانی نەریتی، لە وڵاتانی دیمۆکراس و عەلمانیدا تا چ ڕادەیەک ئایین خۆی لەگەڵ پێشهاتە سەردەمی و پێداویستییەکانی ژیانی مەدەنیدا گونجاندووە، بۆیەش یەکێکە لە شاکەناڵەکانی کارامەکردنی تاک لەڕووی مەدەنییەوە لەبواری سیاسییدا.

## 4- میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە نەخشەسازیی و میتۆدی وەسفی تیایدا ڕوو پێوی کۆمەڵایەتی بە

نمونە بەستووە بۆ وەرگرتنی 384* کەس لەوانەی مافی بەشداریی سیاسییان هەیە وەک نمونە بەشێوەیەکی ڕەمەکی هێشوویی فرەقۆناغ لە سەنتەری شارەکانی هەولێر بەڕێژەی 36%، سلێمانی 41%و دهۆک 23%

* قەبارەی نمونەکەش پاڵپشت بەو خشتەیە دیاریکراوە کە لە لایەن هەر یەکە لە کریجسی و مۆرگان ئامادەکراوە بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونە بەپێی ژمارەی کۆمەڵگای توێژینەوە لەکاتێکدا ئەگەر پەراوێزی هەڵە بەڕێژەی (5%) دیاریکرا بێت. بەپێی خشتەکەش هەر کاتێک کە ژمارەی کۆمەڵگای توێژینەوە ملیۆنێک و زیاتر بوو، ئەوا(384) یەکە دەتوانێ نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە بکەن (النجار و اخرون، 2009، ص88).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

پاڵپشت بە دوا ئاماریی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم سەبارەت بە کۆی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (3085461) کەسە. دوای دوورخستنەوەی 30 فۆرم بەهۆی دڵنیانەبوون لە دروستی زانیاریی، قەبارەی نمونەکە کەم بووەوە بۆ 354 کەس. زانیارییەکان بەشێوەیەکی مەیدانی لەمیانەی ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیارییەوە کۆکراونەتەوە بەشێوەیەک تیایدا جگە لە داواکاریی دیاریکردنی ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواریی و باری هاوسەرداریی، لە بارەی ڕاددەی دینداریی و بەشدارییکردنیان لە سیاسەتیش چەند بڕگە و پرسیارێکیان خراوەتە بەردەم بۆ وەڵامدانەوە هەروەک لە پاشکۆی (1)دا خراونەتەڕوو.

پرسیارەکانی تایبەت بە ئەندامێتی لە سەندیکا پیشەیی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەشێوەی: ئەندام نیم=0، ئەندامێکی چالاک=1، ئەندامێکی چالاک=2؛ ئەندامێتی لە حیزبە سیاسییەکانیش بە: ئەندام نیم=0، تەنها لایەنگر=1، ئەندامێکی چالاک=2، ئەندامێکی چالاک=3 وەڵام دراونەتەوە.

بەشدارییکردن لە دواهەڵبژاردن و ڕاپرسییەکاندا بە شێوەی : بەڵێ=1، نەخێر=0، نیازی بەشدارییکردن لەدوا هەڵبژاردنی هەرێم بە نەخێر=0، بڕیارم نەداوە =1، بەڵێ=2 وەڵام دراونەتەوە. وەڵامدانەوەی (13) بڕگەی تایبەت بە دەربڕینی ناڕەزایی و پاڵپشتییەکان بەو شێوەیە بووە: هیچ/هەرگیز = 0، جارێک/بەدەگمەن=1، دوو جار/هەندێ جار=2، سێ جار/زۆر جار=3، زیاتر/بەردەوام =4؛ (8) بڕگەی تایبەت بە پێوانەکردنی دینداریش وەڵامدانەوەیان بەو شێوەیە بووە: هیچ=0، بەڕادەیەکی کەم=1، تاڕادەیەک=2، بەڕادەیەکی زۆر=3، بەتەواوەتی=4.

ئامرازەکە توانایەکی باشی هەبووە بۆ پێوانەکردنی هەردوو گۆڕاو (دینداریی و بەشداریی سیاسی)، ئەمەش دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی ژمارەیەک شارەزای پسپۆڕ* لەبوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەددین و ڕازیبوونیان لەسەر بڕگە و پرسیارەکانی ئامرازەکە بەڕێژەی 80%؛ هاوکات لەگەڵ دڵنیابوون لە جێگیرییەکەی دوای ئەزموونکردنی پەیوەستی ئەلفا کرۆنباخ بەجۆرێک کە بەهای جێگیریی کۆی بڕگەکانی تایبەت بە دینداریی، بریتی بوو لە (0.932)، هی سەرجەم بڕگەکانی تایبەت بە پێوانەکردنی بەشداریی سیاسیش، گەیشتە (0.785). هەردوو بەهاش ئاماژە ئاماریی بوون لە ئاستی باوەڕی (0.01)دا و ئاستێکی بەرزی جێگیرییان هەیە. لەماوەی نێوان 8/1 تا 2018/9/15 زانیارییە مەیدانییەکان کۆکراونەتەوە.

---

* 1- پ.د. یوسف حەمە صالح - پسپۆڕی دەروونناسی / کەسایەتی و تەندروستی عەقڵی. 2- پ.د .صباح احمد نجار - کۆمەڵناسی / دروونناسی کۆمەڵایەتی. 3- پ.د .طاهر حسۆ میر زێباری - کۆمەڵناسی / کۆمەڵناسی سیاسی. 4- پ.د. عمر ابراهیم عزیز – دەروونناسی / دەروونناسی پەروەردەیی. 5- پ.د .ڕەشاد صبری میران – کۆمەڵناسی / ئێتنۆگرافی. 6- پ.د. ڕزگار محمد قادر – یاسا /یاسای تاوان و سزادان. 7- پ.د. کامەران احمد امین مەنتک – ڕامیاری /فەلسەفەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. 8- پ.ی.د. عبدالحمید علی سعید بەرزنجی - کۆمەڵناسی/ گۆڕانی کۆمەڵایەتی. 9- پ.ی.د. سلیم پترۆس الیاس - کۆمەڵناسی/ کۆمەڵگای مەدەنی. 10- پ.ی.د. جوان اسماعیل بکر - کۆمەڵناسی/ دەروونناسی کۆمەڵایەتی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کۆکراوەکاندا لە لایەنی مەیدانیدا، سوود لە پرۆگرامی SPSS تیایدا ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەریی، هاوکۆلکەکانی پەیوەستی سپیرمان، پێرسۆن، ئەلفاکرۆنباخ، (T.test) و جیاوازیی (Anov) تیایدا (Tukey) وەرگیراوە بەمەبەستی تاقیکردنەوە ئەو دوو گریمانەیە:

- پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی ئەرێنی هەیە لەنێوان دینداریی تاکەکان و بەشدارییکردنیان لە سیاسەتدا.
- جۆرو ئاراستەی پەیوەندیی نێوان دینداریی تاکەکان و بەشدارییان لە سیاسەتدا، بەپێی شێوە یا جۆری بەشدارییکردن دەگۆڕێت.

## 5- ئەنجامەکان:

### 5- 1- زانیارییە گشتییەکان:

ئەو زانیارییانەی لە خشتەی (1–5)دا خراونەتەڕوو نیشانی دەدەن کە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە (63%)یان لە ڕەگەزی نێرن، لە بەرامبەردا تەنها (37%)یان مێن. سەرەکیترین هۆکارەکانی نایەکسانی هەردوو ڕەگەز لەڕووی ڕێژەی وەرگرتنیان بە نمونە لەم توێژینەوەیەدا، بریتین لەوەی کە لە لایەکەوە ئافرەتان بەراورد بە پیاوەکان، کەمتر بایەخ بە پرسە سیاسییەکان دەدەن و بۆ زۆر پیاوەکان مەرجەعی بڕیار و چۆنێتی بیرکردنەوەن لەڕووی سیاسییەوە؛ لە لایەکی دیکەوە سروشتی کۆمەڵگای کوردستانی وەهایە کە ئافرەتان کەمتر بەدەنگ وەڵامدانەوەی پرسیار و پیدانی زانیارییەوە دێن.

لەڕووی تەمەنەوە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 28 تا 37 ساڵیدایە، زۆرترین ڕێژەن و(28.5%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. دوان ئەوان ئەوانە دێنکە تەمەنیان لەنێوان 38 تا 47 ساڵیدایە بەڕێژەی (26.3%). ئەوانەی 18 بۆ 27 ساڵن (21.2%)ی نمونەی توێژینەوەکەن و ڕێژەیان زیاترە لەوانەی 48 تا 57 ساڵن بەڕێژەی (14.4%). دەستە تەمەنەکانی سەروو ڕێژەیان لەوانەی دیکە کەمترە بەجۆرێک کە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 58 تا 67 ساڵیدایە (6.5%)، ئەو کەسانەی گەیشتوونەتە تەمەنی 68 تا 77 ساڵی (3.1%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

**خشتەی (1-5)**

**تایبەتمەندییە سۆسیۆ – دیمۆگرافییەکانی نمونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.**

| گۆڕاو (کۆی وەڵامەکان) | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **ڕەگەز (ن= 354)** | | |
| نێر | 224 | %63 |
| مێ | 130 | %37 |
| **تەمەن (ن= 354)** | | |
| 27 – 18 | 75 | %21.2 |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

| | | |
|---|---|---|
| 37 – 28 | 101 | %28.5 |
| 47 – 38 | 93 | %26.3 |
| 57 – 48 | 51 | %14.4 |
| 67 – 58 | 23 | %6.5 |
| 77 – 68 | 11 | %3.1 |
| **باری هاوسەری (ن= 354)** | | |
| سەڵت | 97 | %27.4 |
| هاوسەدار | 247 | %69.8 |
| تاکمردوو و جیابووە | 10 | %2.8 |
| **ئاستی خوێندەواریی (ن= 354)** | | |
| نەخوێندەوار | 29 | %80 |
| خوێندن و نووسین/ سەرەتایی / ناوەندی | 97 | %9 |
| ئامادەیی | 47 | %11 |
| پەیمانگا | 61 | %63 |
| زانکۆ | 84 | %23 |
| خوێندنی باڵا | 36 | %10 |

سەرەڕای ئەوەی نزیکەی نیوەی نمونەی توێژینەوە لە توێژی گەنجان پێکدێت، بەڵام ناشێ ئەمە بە سەرنجێکی نەرێنی لێکبدرێتەوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردستانی، بەتایبەت شارە گەورەکان، بە کۆمەڵگایەکی گەنج هەژمار دەکرێن. هاوکات بەشێکی زۆر لە شێوەکانی بەشداریی سیاسیش، لە لایەن گەنجانەوە زیاتر پیادە دەکرێن.

زۆرینەی نمونەی توێژینەوە، لەوانە پێکدێت کە هاوسەرگیرییان کردووە بەڕێژەی نزیکەی

(70%). لە بەرامبەردا نزیکەی (27%)یان کەسانی سەڵتن، بەڕێژەیەکی زۆر کەمتر لەوانیش، ئەوانە دێن کە تاکمردوو یا جیابووەوەن کە ڕێژەیان ناگاتە تەنها(3%)ی کۆی نمونەی ئەم توێژینەوەیە.

لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە (27.4%) وەک زۆرینەی نمونەی توێژینەوهکە لەوانە پێکدێت کە تەنها توانای خوێندنەوە و نووسینیان هەیە یا دەرچووی سەرەتایی و ناوەندین. دوای ئەمانە دەرچوانی زانکۆ دێن بەڕێژەی (23.7%). دەرچوانی پەیمانگاکان بەڕێژەی (17.2%) ڕیزبەندی سێیەمیان گرتووە. هەرچی دەرچوانی ئامادەیین بەڕێژەی(13.3%)، دەرچوانی خوێندنی باڵا بەڕێژەی (10.2%)، نەخوێندەواران بەڕێژەی (8.2%) یەک لە دوای یەک دێن لە ڕیزی نمونەی توێژینەوەدا. لەو ڕووەوە و هاوڕێک لەگەڵ ئەوەی کە بۆ ئامانجە تیۆریی و ڕێکارە مەیدانییەکان پێویستە، نمونەی توێژینەوە گوزارشتێکی باش لە کۆمەڵگای توێژینەوە دەکات، ئەمەش بەو پێیەی هەموو ئاستەکانی خوێندەواریی بەڕێژەی گونجاو لەخۆ دەگرێت.

### 5- 2- پێوانەکردنی ئاستی دینداریی:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

لە خشتەی (2-5)دا پاڵپشت بە بەکارهێنانی ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و کێشی سەدی، ئەنجامەکان سەبارەت بە ئاست و ڕێژەی دینداریی تاکەکان خراونەتەڕوو. تێکڕای دینداریی نمونەی توێژینەوەکە (61%)ە. لەسەر ئاستی بڕگەش، باوەڕبوون بەوەی کە ئایین بایەخی هەیە لە ژیانیانیاندا بەڕێژەی(71%)ە، (68%)یان پابەندن بە بەها و نەریتە ئایینییەکان و ڕۆژوگرتن لە کاتی دیارییکراودا، (67%)یان پێیانوایە ئایین کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیان و بڕیارەکانیانەوە هەیە، (61%)یشیان لەو باوەڕەدان کە دەبێ کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤەکان بەپێی ئایین ڕێکبخرێت، (44%)یان چ ڕۆژانە بێ یا هەفتانە پابەندن بە چوونە پەرستگا و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان، (56%)یان سەردانیکردنی شوێنە ئاینییە پیرۆزەکان بەپێویست دەزانین، (58%)یان بەشداریی لە مەراسیم و بۆنە ئاینییەکاندا دەکەن.

بۆ زانینی کاریگەریی و پەیوەندیی دینداریی بە بەشداریی سیاسیی تاکەکانەوە، لەمیانەی وەڵامدانەوەی کۆی بڕگەکانی تایبەت بەپێوانەکردنی دیندارییەوە، هەر یەکەیەکی نمونەی توێژینەوەکە بووتە خاوەن کۆنمرەیەک کە گوزارشت لە ئاستی دینداریيان دەکات. بەرزترین کۆنمرەی چاوەڕوانکراو بۆ پێوانەکردنی دینداریی= (40)ە، لەونێوەندەدا بەرزترین کۆنمرەی بەدەستهێنراویش = (40) چلە، نزمترین کۆنمرەی بەدەستهێنراویش = (8) هەشتە. پاڵپشت بە یاسای دیارییکردنی ماوە یا بەینی دەستە (فیئە)کان کە بریتییە لە: (گەورەترین نمرە – بچووکترین نمرە) +1. دواتر کۆتا نمرە دابەشی ژمارەی دەستە پێویستەکان دەکرێن. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا سێ دەستەمان پێویستە. کەواتە(40 – 8) + 1 = 32 + 1 = 33. لەسەر ئەو بنەمایە، 33÷3= 11. بەوواتایەش، ئەوانەی کۆنمرەی دینداریيان 18 نمرە و کەمترە، کەسانێکن کە کەم دیندارن؛ ئەو کەسانەش کە کۆنمرەیان لەنێوان (19 تا 29) دایە، بە ئاستێکی مام ناوەند دیندارن؛ هەرچی ئەوانەن کە کۆنمرەیان 30 نمرە و زیاترە، کەسانێکن کە زۆر دیندارن[1].

خشتەی (2-5)

بەهای ناوەندیی ژمێرەیی سەنگکراو و کێشی سەدیی دینداریی نمونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو

| دینداریی | هیچ | بەڕادەیەکی کەم | تاڕادەیەک | بەڕادەیەکی زۆر | بە تەواوەتی | ناوەندیی ژمێرەیی سەنگکراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئایین بایەخی هەیە لەژیانمدا. | 18 %5.1 | 33 %9.3 | 66 %18.6 | 115 %32.5 | 122 %34.5 | 2.82 | %71 |
| پابەندم بەبەها و نەریتە ئایینییەکانەوە. | 24 %7 | 32 %9 | 63 %18 | 138 %39 | 97 %27 | 2.71 | %68 |
| ساڵانە پابەندم بە ڕۆژوگرتن لە کاتی دیاریکراودا. | 37 %10 | 27 %8 | 43 %12 | 144 %41 | 103 %29 | 2.7 | %68 |
| ئایین ڕەنگدانەوەو کاریگەریی بەسەر ژیان و | 22 %6 | 36 %10 | 68 %19 | 141 %40 | 87 %25 | 2.66 | %67 |

[1] بۆ هەژمار و دیارییکردنی ئاست و جۆری بەشدارییکردن لە بەشێک لە شێوەکانی بەشداریی سیاسیش، ڕەچاوی هەمان ڕێکار و بنەما کراوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕیارەکانمەوە هەیە. | | | | | | | |
| پێویستە کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤەکان بەپێی ئایین ڕێکبخرێت. | 40 %11 | 37 %10 | 81 %23 | 116 %33 | 80 %23 | 2.45 | %61 |
| پابەندم بە بەشدارییکردن لە مەراسیم و بۆنە ئایینییەکان. | 35 %10 | 57 %16 | 78 %22 | 129 %36 | 55 %16 | 2.32 | %58 |
| سەردانکردنی شوێنە ئایینییە پیرۆزەکان، بەپێویست دەزانم. | 54 %15 | 46 %13 | 72 %20 | 133 %38 | 49 %14 | 2.22 | %56 |
| ڕۆژانە/هەفتانە پابەندم بە چوونە مزگەوت/پەرستگا بۆ نوێژکردن و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینییەکانی دیکە | 92 %26 | 55 %16 | 92 %26 | 78 %22 | 37 %10 | 1.75 | %44 |
| **کۆناوەندی ڕێژەی دینداریی** | | | | | | 2.45 | %61 |

لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو کەسانەی کە بەڕاددەیەکی کەم دیندارن بریتین لە (55) کەس بەڕێژەی (15%)، ئەوانەی بە ئاستێکی مام ناوەند دیندارن (123) کەسن بەڕێژەی (35%)، هەرچی ئەوانەن کە بەڕادەیەکی زۆر دیندارن (176) کەسن بەڕێژەی (50%). بەپێی ئەو ئەنجامانەش، زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کورستان، بەڕادەیەکی زۆر دیندارن.

## 5- 3 – ڕێژەو پێوانەکردنی ئاستی بەشداریی سیاسی:

لە خشتەی (5–3)دا پاڵپشت بە بەکارهێنانی تێکڕاو و ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و کێشی سەدی، ئەنجامەکان سەبارەت بە ئاست و ڕێژەی بەشداریی تاکەکان لە شێوەکانی بەشداریی سیاسیدا خراونەتەڕوو. لەو نێوەندەدا و لەناو کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسی، زۆرترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە، بەشدارییان لە دوا ڕاپرسی و هەڵبژاردنە پەلەمانییەکاندا کردووە بەتێکڕای بەشداریی (71%). لەو تێکڕایەش (84%)یان لە گشتپرسی ساڵی 2017، بەڕێژەی (71%) لە دوا هەڵبژاردنی عێراق و، بەڕێژەی (58%)یان لە دوا هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا بەشدارییان کردووە.

بە تێکڕای (17%)ی نمونەکە ئەندامن لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنی و سیاسییەکاندا. لەو تێکڕایەش، زۆرترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە بەتێکڕای (20%) ئەندامن لە سەندیکا پیشەییەکان؛ لەو ڕێژەیەش (11%) ئەندامی ناچالاک و، (9%) ئەندامی چالاکن لە سەندیکا پیشەییەکاندا.

لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشدا تەنها (17%)ی نمونەکە ئەندامن؛ لەو ڕێژەیەش (5%)یان ئەندامی ناچالاک، (12%)یان ئەندامی چالاکن لەو ڕێکخراوانەدا. ڕێژەی ئەندامێتی نمونەی توێژینەوەکە لە حیزبە سیاسییەکاندا بەڕێ ژەی (14%) کەمترە لە ئەندامێتیان لە سەندیکا و ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا. لەو ڕێژەیەش (10%)یان ئەندامی چالاک، (4%)یشیان ئەندامی ناچالاکن لە حیزبە سیاسییەکاندا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

سەبارەت بە ڕێژەو تیکڕای بەشدارییکردن لەو شێوانەی گوزارشت لە دەربڕینی ناڕەزایی یا پاڵپشتی دەکەن لەبواریی سیاسیدا، نمونەی توێژینەوەکە بەتێکڕای (31%) لە هاندانی خەڵکی بۆ بەشدارییکردن لە چالاکییە سیاسی و مەدەنییەکان، پەیوەندیکردن بە بەرپرس و کەسانی پەیوەندییدار بە کیشە و کەمووکوڕیی و..تاد بەڕێژەی (20%)، ڕێپێوانی ئاشتیانە (15%)، خۆپیشاندان و هەڵواسینی ئاڵا یا دروشم و لۆگۆ حیزبێک (14%)، کارکردن وەک چاودێر لە هەڵبژاردنەکان و کۆکردنەوەی واژۆ (13%)، بایکۆتکردن و سکاڵاکردن یا نوسینی یاداشت و نامە بۆ بەرپرسان (11%)، مانگرتن و پەناگیریی (10%)، پۆشینی جلوبەرگ یا کڵاوێک کە وێنەی ئاڵا یا لۆگۆ و دروشمی حیزبیکی پێوە بێت (9%)، هاندانی خەڵکی بۆ بەشدارییبنەکردن لە چالاکی مەدەنی و سیاسی (7%) و تاتۆکردن وێنەی سەرکردە و کاریزمایەک یا ئاڵا و دروشم یا لۆگۆی حیزب یا بزووتنەوە و ڕێکخراوێک (4%) بەشدارییان کردووە. ئەوەی مایەی سەرنجە لە هەرێم هێشتاش خەڵکی بەڕێژەیەکی زیاتر لە شێووە تەقلیدییەکانی بەشداری سیاسییدا بەشداریی دەکەن بەراورد بە شێوە ناتەقلیدییەکان.

لەمیانەی وەڵامدانەوەی کۆی بڕگەکانی تایبەت بەپێوانەکردنی بەشداریی سیاسییەوە، هەر یەکەیەکی نمونەی توێژینەوەکە بووتە خاوەن کۆنمرەیەک کە گوزارشت لە ئاستی بەشدارییان دەکات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

خشتەی (3-5)

تێکڕاو ڕێژەی بەشدارییکردنی نمونەی توێژینە وهکە لە شێوەکانی بەشداریی سیاسی دەخاتەڕوو

| دوا گشتپرسی و هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان | نەخێر | | بەڵێ | | تێکرای بەشداریی |
|---|---|---|---|---|---|
| گشتپرسی 2017 | 57 | %16 | 297 | %84 | %71 |
| هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق 2018/5/12 | 104 | %29 | 250 | %71 | |
| هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان 2018/9/30 | 149 | %42 | 205 | %58 | |

| ئەندامێتی لە سەندیکا و ڕێکخراو و حیزبەکاندا | ئەندام نیم | | لایەنگر | | ئەندامێکی | | | | تێکرای بەشداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ناچالاک | | چالاک | | |
| ڕێکخراوە مەدەنییەکان | 293 | %83 | – | | 17 | %5 | 44 | %12 | %17 |
| سەندیکا پیشەییەکان | 284 | %80 | – | | 38 | %11 | 32 | %9 | |
| حیزبە سیاسییەکان | 224 | %63 | 82 | %23 | 14 | %4 | 34 | %10 | |

| دەربڕینی نارەزایی و پاڵپشتی سیاسی | هیچ | | جارێک | | دووجار | | سێ جار | | زیاتر لە سێ جار | | تێکرای بەشداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هاندانی خەڵک بۆ بەشدارییکردن لە چالاکییە سیاسی و مەدەنییاکان. | 195 | %55 | 35 | %10 | 37 | %10.5 | 23 | %6.5 | 64 | %18 | %31 |
| پەیوەندیکردن بە بەرپرس یا لایەنی پەیوەندیدار بە بوونی کیشەو کەموکوڕی...تاد. | 229 | %64.6 | 45 | %12.7 | 35 | %9.9 | 17 | %4.8 | 28 | %7.9 | %20 |
| ڕێپێوانی ئاشتیانە. | 256 | %72.3 | 36 | %10.2 | 31 | %8.8 | 13 | %3.7 | 18 | %5.1 | %15 |
| خۆپیشاندان. | 251 | %70.9 | 53 | %15 | 23 | %6.5 | 14 | %4 | 13 | %3.7 | %14 |
| کۆکردنەوەی واژۆ | 263 | %74.3 | 44 | %12.4 | 20 | %5.6 | 15 | %4.2 | 12 | %3.4 | %13 |
| چاودێر لە هەڵبژاردن و گش تپرسییەکاندا. | 268 | %75.7 | 36 | %10.2 | 23 | %6.5 | 10 | %2.8 | 17 | %4.8 | |
| بایکۆتکردن | 276 | %78 | 33 | %9.3 | 28 | %7.9 | 3 | %0.8 | 14 | %4 | %11 |
| سکاڵاکردن نوسینی نامە یا یاداشت بۆ کاربەدەستێک، پەرلەمانتارێک و.....تاد. | 278 | %78.5 | 36 | %10.2 | 18 | %5.1 | 5 | %4.1 | 17 | %4.8 | |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

*تەواوکەری خشتەی پێشوو*

| دەربڕینی ناڕەزایی و پاڵپشتی سیاسی | هەرگیز | | بەدەگمەن | | هەندێجار | | زۆر جار | | بەردەوام | | تێکڕای بەشداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگرتن یا پەناگیریی. | 281 | %79.4 | 31 | %8.8 | 25 | %7.1 | 6 | %1.7 | 11 | %3.1 | %10 |
| هەڵواسینی ئاڵا، لۆگۆ و دروشمی حیزبێک یا ڕێکخراوێک بە ماڵەکەت، سەیارەو...تاد. | 257 | %74.3 | 44 | %12.4 | 20 | %5.6 | 15 | %4.2 | 12 | %3.4 | %14 |
| پۆشینی جلوبەرگ یا کڵاوێک کە وێنەی ئاڵا یا لۆگۆ و دروشمی حیزب یا ڕێکخراوێکی پێوە بێت. | 275 | %77.7 | 45 | %12.7 | 25 | %7.1 | 7 | %2 | 2 | %0.6 | %9 |
| هاندانی خەڵک بۆ بەشدارینەکردن لە چالاکیی سیاسی و مەدەنی | 308 | %87 | 20 | %5.6 | 12 | %3.4 | 4 | %1.1 | 10 | %2.8 | %7 |
| تاتۆکردنی وێنەی سەرکردە یا کاریزمایەك، ئاڵا، لۆگۆ یا دروشمی حیزب، ڕێکخراو و بزووتنەوەیەك لەسەر جەستە. | 320 | %90.4 | 19 | %5.4 | 12 | %3.4 | 2 | %0.4 | 1 | %0.3 | %4 |

لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو کەسانەی ناکاران لەڕووی سیاسییەوە، بریتین لە (268) کەس بەڕێژەی (75.42%)، ئەوانەی کاران واتا بە ئاستێکی مام ناوەند بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن، (76) کەسن بەڕێژەی (21.46%)، هەرچی ئەوانەن کە زۆر کاران لە بەشدارییکردن لە سیاسەتدا، تەنها (11) کەسن بەڕێژەی (3.10%). بەپێی ئەو ئەنجامانەش، زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ناکاران لەڕووی سیاسییەوە.

## 5- 4 – پەیوەندی نێوان دینداریی و بەشداریی سیاسی:

بۆ ئاشنابوون بە ئاست و ئاراستەی پەیوەندیی نێوان دینداریی و بەشداریی تاکەکان لە سیاسەتدا، پەنابراوەتە بەر بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن؛ لەمبارەیەوە و بەپێی ئەو ئەنجامانەی لە خشتەی (4-5)دا خراونەتەڕوو، پەیوەندیی دینداریی بە شێوە تەقلییەکان بە بەهای (–0.117) لە ئاستی باوەڕی (0.05)دا، بە شێوە ناتەقلیدییەکان بە بەهای (–0.147) و بەکۆی شێوەکانی بەشداری سیاسییەوە بە بەهای (–0.141) لە ئاستی باوەڕی (0.01)دا، ئاماژە ئامارییە. ئاراستەی پەیوەندییەکەش نەرێنیە؛ بەواتای تا ڕاددەی دینداریی تاکەکان زیاتر بێت، کەمتر لە کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسیدا، بەشداریی دەکەن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هەرچەندە و وەک ئەنجامەکانیش نیشانی دەدەن کە بەهای پەیوەندیی شێوە ناتەقلیدییەکان بە دینداریی‌یەوە زیاترە، بەڵام پەیوەندییەکە لە ئاستێکی بەهێزدا نییە، ئەمەش بەوپێیەی کە بەهای پەیوەندییەکان، دەکەونە نێوان (0 – 0.30). بەمەبەستی ئاشنابوونیش بە کاریگەریی دینداریی بەسەر شێوەکانی بەشداریی سیاسییەوە، توێژەر پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی شیکاریی جیاکاری (Anova) تیایدا (Tukey HSD). لەمبارەیەوە ئەنجامەکان کە لەهەمان خشتەدا خراونەتەڕوو دەریدەخەن کە بەهای جیاوازیی بەشدارییکردنی تاکەکان لە شێوە تەقلیدییەکان بە بەهای (F = 4.371)، شێوە ناتەقلیدییەکان بە بەهای (F = 4.215)، کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسی بە بەهای (F = 3.197)، ئاماژە ئامارییین بەپێی ڕاددەی دینداریییان، لەبەرئەوەی بەهای (p.value)یان بچووکترە لە ئاستی باوەڕی (0.05).

خشتەی (4-5)

پەیوەستی و جیاوازیی بەشداریکردنی نمونەی توێژینەوە لە سیاسەتدا بەپێی دیندارییان دەخاتەڕوو

| جیاوازیی کۆنمرەی بەشداریی لە شێوەکانی بەشداریی سیاسییدا | | دینداریی | | |
|---|---|---|---|---|
| | | هیچ/بەڕادەیەکی | بەڕادەیەکی مام | بەراددەیەکی زۆر |
| بەشداریی تەقلیدیی | بەهای پەیوەستی | R = 0.117* (P = 0.028) | | |
| | بەهای جیاوازیی | F = 4.371** (P = 0.013) | | |
| | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 7.01 | 6.07 | 5.25 |
| | فرە بەراوردکردن Multiple comparisons | — | 0.94 p=0.321 | 1.76* p=0.014 |
| بەشداریی ناتەقلیدیی | بەهای پەیوەستی | R = 0.147** (P = 0.006) | | |
| | بەهای جیاوازیی | F = 4.215* (P = 0.016) | | |
| | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 5.76 | 4.26 | 3.52 |
| | فرە بەراوردکردن Multiple comparisons | — | 1.0 5 p=0.156 | 2.23* p=0.012 |
| کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسی | بەهای پەیوەستی | R = 0.141** (P = 0.008) | | |
| | بەهای جیاوازیی | F = 3. 197* (P = 0.042) | | |
| | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 1.44 | 1.25 | 1.24 |
| | فرە بەراوردکردن Multiple comparisons | — | 0.184 p=0.068 | 0.192* p=0.040 |

* پەیوەستییەکە ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی (0.05) دا

** پەیوەستییەکە ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی (0.01) دا

بڕ و ئاراستەی جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ئەو کەسانەدایە کە هیچ دیندار نین یا بەڕادەیەکی کەم دیندارن. بەواتایەکی دیکە، بەهای ناوەندی ژمێرەیی کۆنمرەی بەشدارییکردنی کەسانیک کە هیچ یا بەڕادەیەکی کەم دیندارن، زیاترە لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی بەشداریی سیاسی ئەو کەسانەی بە ئاستێکی مام ناوەند و زۆر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دیندارن، بەڵام جیاوازییەکە تەنها لەنێوان ئەوانەی هیچ یا کەم دیندارن و ئەوانەی بەڕاددەیەکی زۆر دیندارن، دەگاتە ئاستێکی ئاماژە ئاماریی، چونکە ئەوانەی کە هیچ یا کەم دیندارن، بەتێکڕایی(1.76) لە شێوە تەقلیدییەکان، بەتێکڕایی(2.23) لە شێوە ناتەقلیدییەکان، بەتێکڕایی(1.24) لە کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسیدا، زیاتر بەشداریی دەکەن.

کەواتە تا ئاستی دینداریی تاکەکان زیاتر هەڵکشێ، کەمتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن، لە هەموو شێوەکانی بەشداریی سیاسیشدا (تەقلیدیی و ناتەقلیدییەکان) ئەوانەی کە هیچ یا کەم دیندارن بە ئاستێکی ئاماژە ئاماریی زیاتر لەوانە بەشداریی دەکەن کە بەڕاددەیەکی زۆر دیندارن.

بۆ زانینی کاریگەریی هەریەکە لە گۆڕاوەکانی تەمەن. ڕەگەز، ئاستی خوێندەواریی و باری هاوسەرداریتی، سوود لە شیکاریی جیاکاریی (Anova) تیایدا (Tukey HSD) و تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نمونەی قەبارە جیاواز (Independent Sample T. test) وەرگیراوە.

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە لە خشتەی (5-5)دا خراونەتەڕوو، تەمەن یەکێکە لە گۆڕاوە کاریگەرەکان بەسەر دینداریی و بەشداریی سیاسیی تاکەکانەوە، بەڵام ئاراستەی کاریگەرییەکەی بەسەر هەردوو گۆڕاوەوە وەک یەک نییە؛ بەهای جیاوازیی کۆنمرەی دینداریی تاکەکان (F:3.519) بە بەهای (P:004)، ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی (0.01)دا؛ جیاوازییەکەش زیاتر بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە گەیشتوونەتە قۆناغی بەتەمەنداچوون بە جۆرێک کە ئەوان لە هەموو ئاستەکانی دیکەی تەمەن دیندارترن. هەرچەندە کە بەهای جیاوازیی کۆنمرەی بەشداریی سیاسی تاکەکانیش (F:4.051) بە بەهای (P:001) ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی (0.01)دا، بەڵام لێرەدا ئەو کەسانەی دەکەونە ئاستەکانی ناوەراستی تەمەنەوە، بەتایبەت نزیک لە 40 ساڵییەوە تا خوار 60ساڵی، زیاتر لە گەنجان و بەساڵاچوان بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن.

هاوشێوەی تەمەن، ئاستی خوێندەواریش دەبێتە مایەی بوونی جیاوازیی لە کۆنمرەی دینداریی و بەشداریی سیاسیی تاکەکاندا؛ بەهای جیاوازیی کۆنمرەی دینداریی تاکەکان (F:6.590) بە بەهای (P:000)، ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی (0.01)دا؛ جیاوازییەکەش بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە دەرچووی ئاستەکانی خوێندەواریی ئامادەیی و پەیمانگاکانن بەجۆرێک کە ئەمانە لە ئاستەکانی خوێندەواریی خواروو و سەرووتر، زیاتر دیندارن.

خشتەی (5-5)

جیاوازیی کۆنمرەی دینداریی و بەشداریی سیاسی نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوە سۆسیۆ ئابوورییەکان دەخاتەڕوو

| جیاوازیی کۆنمرەی | دینداریی | بەشداریی سیاسی |
|---|---|---|



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

| بەشداریی سیاسی و دینداریی بەپێی گۆراوە سۆسیۆ دیمۆگرافییەکان | | بەهای جیاوازیی | ناوەندی ژمێرەیی | فرە بەراوردکردن | بەهای جیاوازیی | ناوەندی ژمێرەیی | فرە بەراوردکردن | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 27 – 18 | F:3.519** (P: 0.004) | 25.81 | 10.27** (P:0.001) | F:4.051** (P: 0.001) | 6.86 | - | |
| | 37 – 28 | | 27.52 | 8.56* (P:0.010) | | 8.30 | -1.44 (P:0.775) | |
| | 47 – 38 | | 28.42 | 7.67* (P:0.031) | | 10.54 | -3.68* (P:0.013) | |
| | 57 – 48 | | 2 7.96 | 18.13* (P:0.026) | | 11.11 | -4.25* (P:0.015) | |
| | 67 – 58 | | 27.09 | 9* (P:0.025) | | 10.21 | -3.35 (P:0.368) | |
| | 77 – 67 | | 36.09 | - | | 5.09 | 1.77 (P:0.973) | |
| ئاستی خوێندەواریی | نەخوێندەوار | F:6.590** (P: 0.000) | 31.90 | - | F:5.967** (P: 0.000) | 4.27 | - | 3.10 (P:0.304) |
| | خوێندن و نووسین تا ناوەندی | | 29.45 | 2.44 (P:0.673) | | 7.38 | -3.10 (P0.:304) | - |
| | ئامادەیی | | 23.74 | 8.15** (P:0.000) | | 9.23 | -4.95* (P:0.038) | -1.85 (P:0.682) |
| | پەیمانگا | | 25.23 | 6.66* (P:0.002) | | 10.72 | -6.44** (P:0.001) | -3.33* (P:0.047) |
| | زانکۆ | | 28.50 | 3.39 (P:0.327) | | 9.86 | -5.59** (P:0.004) | -2.48 (P:0.175) |
| | خوێندنی باڵا | | 27.70 | 4.84 (P:0.610) | | 12.11 | -7.83 (P:0.000) | -4.72** (P:0.009) |
| باری هاوسەریتی | سەڵت | F:2.595 (P: 0.076) | 26.19 | - | F:3.626* (P: 0.028) | 7.67 | - | |
| | هاوسەردار | | 28.34 | -2.15 (P:0.067) | | 9.38 | -1.72 (P:0.123) | |
| | تاکمردوو/ جیابووەوە | | 26.60 | -0.41 (P:0.987) | | 13.20 | -5.52 (P:0.059) | |
| ڕەگەز | نێر | T:-1.73 (P:0.084) | 27.13 | - | T: 3.19** (P:0.002) | 9.95 | - | |
| | مێ | | 28.67 | -1.54 | | 7.40 | 2.55 | |

* پەیوەستییەکە ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی (0.05) دا

** پەیوەستییەکە ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی (0.01) دا

لە بەشداریی سیاسیشدا بەهای جیاوازیی کۆنمرەی بەشدارییکردنی تاکەکان لە سیاسەتدا (F:5.967) بە بەهای (P:000)، ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی (0.01)دا؛ جیاوازییەکەش بۆ ئاستەکانی خوێندەواریی ئامادەیی و سەرووتر دەگەڕێتەوە بەجۆرێک کە هەموویان لەو کەسانە زیاتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن کە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

نەخوێندەوارن، یا توانای خوێندەنەوە و نووسینیان هەیە تا دەگاتە ئەوانەی کە دەرچووی ناوەندین. دەرچوانی پەیمانگا و خوێندنی باڵاش زیاتر لە دەرچوانی ئامادەیی و زانکۆکان بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن.

باری هاوسەرێتی کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر هیچ کام لە دینداریی و بەشداریی سیاسی تاکەکانەوە نییە؛ ڕەگەزیش تەنها بەسەر بەشداریی سیاسیی تاکەکانەوە کاریگەرە بەجۆرێک کە بەهای (ت)ی دۆزراوە (T:3.19) بە بەهای (P:0.002) مایەی جیاوازییە لەنێوانیاندا، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەسانی نێردایە، ئەمەش بەوپێیەی بەهای ناوەندی ژمێرەیی بەشدارییان لە هی مێیەکان زیاترە.

## 6 – تاوتوێکردنی ئەنجامەکان و ئەنجامگیریی:

پرسیارو ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لەوەی کە ئاخۆ تاڕاددەی دینداریی تاکەکان زیاتر بێت، زیاتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن؟ بەوواتایەش ئەم توێژینەوەیە بەدوای پەیوەندیی نێوان دینداریی تاکەکان و بەشدارییان لە سیاسەتدا گەڕاوە. لەمبارەیەوە توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشت کە لەنێوان دینداریی تاکەکان و بەشدارییان لە شێوە جیاجیاکانی بەشداریی سیاسییدا، پەیوەندییەکی نەرێنی و پێچەوانە هەیە؛ بەواتای تا ڕاددەی دینداریی تاکەکان زیاتر بێت، کەمتر بەشداریی لە کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسییدا دەکەن. پاڵپشت بەو ئەنجامەش دەتوانین بڵێین کە لە جیاتی هەردوو گریمانەی توێژینەوە (H1)، ئەو دوو گریمانە سفرییە (H0) وەردەگرین کە دەڵێن:

- پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی ئەرێنی لەنێوان دینداریی تاکەکان و بەشدارییکردنیان لە سیاسەتدا نیە.
- جۆرو ئاراستەی پەیوەندیی نێوان دینداریی تاکەکان و بەشدارییان لە سیاسەتدا، بەپێی شێوە یا جۆری بەشدارییکردن ناگۆڕێت.

بەوواتایەش، هاموشۆکردنی شوێنەکانی خواپەرستی و پیادەکردنی ئەرک و نەریتە ئایینییەکان، سەرچاوەیەکی گرنگی بەشداریی سیاسی نین لە هەرێمی کوردستان؛ هاوکات و سەرەڕای ئەوەش کە دەزگا و دامەزراوە ئاینییەکان، نەبوونەتە ناوەند و تۆڕێکی ئەوتۆی تەیار و سازدانی خەڵک بۆ بەشدارییکردن لە شێوە جیاجیاکانی بەشداریی سیاسی، پرۆسەی سیاسیش ڕەهەندێکی ئەوتۆی ئایینی وەرنەگرتووە. لەهەرێمی کوردستاندا ململانێ نێوان باڵ و ئاراستە ئایدیۆلۆژییە جیاجیاکان، هێندەی سیاسی و ئابووریی و ناوچەیی و مێژوویین، هێندە بە ئایینی نەبوون تا ململانێیەکی ڕەهەند ئایینی، تاکەکان بەرەو بەشداریی سیاسی کێش بکات. هاوکات لە هەرێمدا بۆ نمونە هێڵە گشتییەکانی نێوان عەلمانیبوون و ئیسلامیبوون و مەسیحیبوون و ئێزیدیبوون و ..تاد هێندە ڕوون نین تا ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان بەسەر چالاکییە سیاسییەکانی تاکەکانەوە هەبێت؛ ئەگەر وابوایە، دەبوایە ئەوانەی زیاتر دیندارن، زیاتر بەشدارییان لە سیاسەتدا بکردبا.

ئەنجام سەرەڕای ئەوەی پێچەوانەن لەگەڵ ناوەڕۆکی تێز و ئەنجامی توێژینەوەکەی Verba et al. (1995) کە ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە دینداریی لەمیانەی چوونە پەرستگا و بەشدارییکردن لە چالاکی و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان، بای ئەوەندی سەرچاوە و کارامەیی مەدەنی دەبەخشنە تاکەکان تا زیاتر بەشداریی لە سیاسەتدا بکەن، بەڵام



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هاوشێوەن لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی هەریەکە لە Sarkissia (2012) و Sönmez (2013) بەجۆریک کە لە تورکیاش، ئەوانەی هیچ یا کەم پابەندن بە ئایینەوە، تەنها لە بەشدارییکردن لە ڕاپرسی و هەڵبژاردنەکان نەبێ، لە کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسیدا زیاتر بەشداریی دەکەن، سەرباری گەیشتنی Radu (2016) لە توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە کاریگەریی ئایین بەسەر بەشداریی سیاسییەوە لەهەردوو وڵاتی پۆڵەندا و ڕۆمانیا بە هەمان ئەنجام، بەتایبەت بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان هاموشۆکردنی کڵێسا و بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام تێبینی ئەوەشی کرد کە لە پۆڵەندا، کڵێساکان گۆڕەپان و شوێنێک نین بۆ دەستەبەرکردنی لێهاتوویی مەدەنی و سازدان بۆ بەشدارییکردن لەو شێوانەی بەشداریی سیاسی کە تەقلیدی نین، بەتایبەت بەشدارییکردن لە بەرزکردنەوە و پێشکەشکردنی سکاڵا؛ کەچی لە ڕۆمانیا بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی کە زیاتر پابەندن بە ئایینەوە، لەهەموو شێوە تەقلیدیی و ناتەقلیدییەکانی بەشداریی سیاسییدا، زیاتر بەشداریی دەکەن.

## 7 – ڕاسپاردەکان:

7 –1- بەوپێیەی کە لە کۆمەڵگایەکی ئایینیدا بوونی پەیوەندیی نەرێنی لەنێوان دینداریی و بەشداریی سیاسییدا، مایەی هەڵوەستەیە، لەسەر کۆمەڵناس و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایینناسان پێویستە کە لەمیانەی ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەک، بەدوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێن کە لەبەرچی ئەوانەی زیاتر دیندارن، کەمتر بەشداریی سیاسەتدا دەکەن.

7 –2- لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە ڕۆڵی مەدەنیانەی دەزگا و دامەزراوە ئایینییەکان دەربخەن لە ژیانی مەدەنیدا.

## سەرچاوەکان:


النجار، فايز جمعة، النجار، نبيل جمعة، و الزعبي، ماجد الراضي (2009)اساليب البحث العلمي منظور تطبيقي، دار الحامد، عمان – الاردن.

Allport, Gordon W. and Ross, J. Michail (1967) Personal Religious Orientation and Prejudice, Journal of Personality and Social Psychology 1967, Vol. 5, No. 4, pp. 432-443.

Bergström, Liza (2006),Political Participation: A qualitative study of citizens in Hong Kong, Thesis in Political Science - Karlstads university in Sweden.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

Carballo, Marita and Hermelo, Ricardo M. (2015) Religion in the World: the State of Affairs, in Stoychev, Kancho (eds) Voice of the People, Gallop International Association, Zurich, Switzerland, pp. 122 – 136.

Cesari Jocelyne (2013) Why the West Fear Islam An Exploration of Muslims in Liberal Democracies, Palgrave Macmillan, New York.

Canetti, Daphna, Hobfoll, Stevan E., Pedahzur, Ami and Zaidise, Eran (2010) Much ado about religion: Religiosity, resource loss, and support for political violence, jornal of Peace Research, Vol. 47, No. 5, pp. 575-587.

Correa, Michael A. Jones and Leal, David L. (2001) Political Participation: Does Religion Matter? Political Research Quarterly, Vol. 54, No. 4 (Dec., 2001), pp. 751-770.

Dayican, Bengü Hosch (2010) Political Involvement and Democracy: How Benign is the Future of Post-Industrial Politics? Netherland, PrintPartners Ipskamp.

Dana, Karam, Barreto, Matt A. and Oskooii, Kassra A.R. (2011) Mosques as American Institutions: Mosque Attendance, Religiosity and Integration into the Political System among American Muslims, Jornal of Religions, Vol. 2, Issue 4, pp. 504-524.

Deth,V. Jan W,(2001) Studying Political participation: Towards a theory of every things?, paper prepared for delivery at the Joint Sessions of Workshops of the European Consortium for Political Research Workshop "Electronic Democracy: Mobilisation, Organisation and Participation via new ICTs" Grenoble, 6-11 April 2001. Available at: https://www.researchgate.net/publication/258239977_Studying_Political_Participation_Towards_a_Theory_of_Everything.

Hale, Christopher W. (2015) Religious Institutions and Civic Engagement: ATest of Religion's Impact on Political Activism in Maxico, Journal of Comparative Politics, Vol. 47, No. 2, pp. 211-230.

Kaase, M. and Marsh, A. (1979) 'Political Action: A Theoretical Perspective', in: S.H. Barnes, M. Kaase et al. (eds) Political Action: Mass Participation in Five Western Democracies, Beverly Hills, CA: Sage, pp. 27-56.

Kalaycioğlu, Ersin (1994) Unconventional political participation in Turkey and Europe: comparative perspective, Rubbettino Editore, Jornal of IL Politico, Vol. 59, No. 3 (170) (Luglio-Settembre), pp. 503-524.

Lynch, Edward A. (1998) Reform and Religion in Latin America, Orbis, Vol. 42, Issue 2, pp.263 – 281.

Linssen, R. (2016). Participation in context: contextual and individual determinants of political participation in Europe and the Netherlands . Maastricht: Datawyse / Universitaire Pers Maastricht.

Muslims in American Public Square (MAPS) and Zogby International Poll (2001) American Muslims poll, available at: http://www.cippusa.com/wp-content/uploads/2014/08/pmreport.pdf.

Muslim Americans: A National Portrait An in-depth analysis of America's most diverse religious community (2009), Gallup Center for Muslim Studies, available at: http://docplayer.net/28407375-Muslim-americans-a-national-portrait-an-in-depth-analysis-of-america-s-most-diverse-religious-community.html.

Milbrath, L.W. (1965) Political Participation: How and Why Do People Get Involved in Politics?, Chicago, Rand McNally.

Magnus Wennerhag (2017) Patterns of protest participation are changing, Jornal of Sociologisk Forskning, årgång 54, nr 4, sid 347–351.

Norris, Pippa (2004) Electoral Engineering Voting Rules and Political Behavior, Cambridge University press, New York, pp113-114.

Norris, Pippa and Inglehart, Ronald (2004) Sacred and Secular Religion and Politics worldwide, Cambredge University Press, New Work. pp. 131-132.

Okumus, Ejder (2008) Turkey – Religiosity and the PRA, Journal of Muslim World, Hartford Vol. 98, Iss. 2/3, (Apr-Jul): 345-362.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

Patterson, Eric (2005) Religious Activity and Political Participation: The Brazilian and Chilean Cases, Latin American Politics and Society, Vol. 47, No. 1 (Spring), pp. 1-29.

Putnam, Robert D. (1993) Making democracy work: Civic traditions in modern Italy, Princeton University Press, New Jersey.

Putnam, Robert D. (2000) Bowling Alone the colloapse and revival of American community, Simon & Schuster Paperbacks, New York.

Radu, Bogdan (2016) Religious determinants of political participation in poland and Romania: A research note, Journal of Europolis, Vol. 10. No.1, pp. 111 – 123.

Sallach, L. David, Babchuk,Nicholas and Booth, Alan (1972) Social Involvement and Political Activity: Another View, Social Science Quarterly, Wiley, Vol. 52, No. 4 (MARCH, 1972), pp. 879-892.

Stolz, Jörg (2008) The Explanation of Religiosity: Testing Sociological Mechanisms Empirically, Observatoire des Religions en Suisse/ORS – Working Papers 8-2008, available at: https://www.unil.ch/files/live/sites/issr/files/shared/Publications/WP_WorkingPapers/WP_08-2008.pdf.

Smidt, Corwin (1999) Religion and Civic Engagement: A Comparative Analysis, American Academy of Political and Social Science, Vol. 565, Civil Society and Democratization (Sep., 1999), pp. 176-192.

Sarkissan, Ani (2012) religion and Civic Engagement in Muslim Countries, Journal of the Scientific Study of Religion, Vol. 51, No. 4 (December), pp. 607 – 622.

Thompson, Karl (2018) What is Religiosity? Available at Revise Sociology: https://revisesociology.com/2018/08/20/what-is-religiosity/.

Sari, Murat (2017) The Impact of the Age Factor on Religiosity, The Journal of International Social Sciences, Cilt: 27, Sayı: 2, Sayfa: 257-264.

Sönmez, Özlem Altunsu (2013), Religiosity and Political Participation of University Students in Turkey, Mediterranean Journal of Social Sciences, MCSER Publishing, Rome-Italy, Vol 4 No. 10, pp.403 – 409.

Verba, Sidney and Nie, Norman (1972) Political Participation in America, Political Democracy and Social Equality, New York, University of Chicago press.

Vromen, Aria dne (2003) People Try to Put Us Down ...': Participatory Citizenship of 'Generation X', Australian Journal of Political Science, Vol. 38, No. 1, pp. 79–99.

Verba ,S, Brady, Henry E, and Schlozman, Kay L (1995) A Resource Model of Political Participation, The American Political Science Review, Vol. 89, No. 2 (Jun), pp. 271-294.

World Value Survey (2010 – 2015) – Iraq (2013) Wv 6, available at: http://www.worldvaluessurvey.org/WVSDocumentationWV6.jsp.

# پاشكۆی (1)

## ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاریی دەخاتەڕوو

**هاووڵاتی بەڕێز سلاو......**

ئەم فۆرمەی بەردەستی بەڕێزتان ئامادەكراوە بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی زانستی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دینداریی و بەشداریی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا، فۆرمەكە لە چەند پرسیارو بڕگەیەك پێكدێت، دوای خوێندنەوەو تێگەیشتنیان، داوا لەبەڕێزتان دەكەین چەند خولەكێك كاتی خۆتان تەرخان بكەن بۆ وەڵامدانەوەیان لەپێناو بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی ڕەوتی زانست و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی

کوردستان... بۆ دڵنیایی بەڕێزتان، ئەم زانیارییانەی لەڕێی ئەم فۆرمەوە کۆدەکرێنەوە، تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەیەکی زانستی بەکاردەهێنرێن و نهێنیان پارێزراوە.... هاوکاریتان مایەی ڕێزو پێزانینە... لەگەڵ ڕێزدا.

تێبینی:

1- پێویست بە ناونووسین ناکات.

2- دوای خوێندنەوەی پرسیار و بڕگەکان، نیشانەی (√) لەبەرامبەر وەڵامی گونجاو دابنێ.

3- وەڵامدانەوەی سەرجەم پرسیارو بڕگەکان، نیشانەی خەمخۆری و هاوکاریی بەڕێزتانە لەگەڵ توێژەران.

4- هیچ پرسیارو بڕگەیەکی تێدا نییە کە ڕاست یا چەوت بێت، بەڵکو ئەوەی تۆ هەڵی دەبژێریت دروستە و گوزارشت لە بیروبۆچوونی بەڕێزتان دەکات سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە.

**توێژەران: پ.ی.د. محمد حسین شوانی م.ی جلال احمد عبدالله**

.........................................................................................................................

- ڕەگەز: نێر ( ) مێ ( ).
- تەمەن: 18 – 27 ( )، 28 – 37 ( )، 38 – 47 ( )، 48 – 57 ( )، 58 – 67 ( )، 68 – 77 ( ).
- باری هاوسەرداریی: سەڵت ( )، هاوسەردار ( )، تاکمردوو/ جیابووەوە ( ).
- ئاستی خوێندەواریی: نەخوێندەوار ( )، خوێندن ونوسین/سەرەتایی/ناوەندی ( )، ئامادەیی ( )، پەیمانگا ( )، زانکۆ ( )، خوێندنی باڵا ( ).

| دینداریی | هیچ | بەڕادەیەکی کەم | تارادەیەک | بەڕادەیەکی زۆر | بەتەواوەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئایین بایەخی هەیە لەژیانمدا. | | | | | |
| پابەندم بەبەها و نەریتە ئایینییەکانەوە. | | | | | |
| ئایین ڕەنگدانەوەو کاریگەریی بەسەر ژیان و بڕیارەکانمەوە هەیە. | | | | | |
| چوونە مزگەوت/پەرستگا بۆ نوێژکردن و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکانی دیکە | | | | | |
| ساڵانە پابەندم بە ڕۆژوگرتن لە کاتی دیاریکراودا. | | | | | |
| سەردانکردنی شوێنە ئایینییە پیرۆزەکان، بەپێویست دەزانم. | | | | | |
| پابەندم بە بەشداریکردن لە مەراسیم و بۆنە ئایینییەکان. | | | | | |
| پێویستە کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤەکان بەپێی ئایین ڕێکبخرێت. | | | | | |

- ئەندامێتی لەڕێکخراوە مەدەنییەکان: ئەندام نیم ( )، ئەندامێکی ناچالاک ( )، ئەندامێکی چالاک ( ).
- ئەندامێتی لە سەندیکا پیشەییەکان: ئەندام نیم ( )، ئەندامێکی ناچالاک ( )، ئەندامێکی چالاک ( ).
- ئەندامێتی لە حیزبێکی سیاسیدا: ئەندام نیم ( )، لایەنگر ( )، ئەندامێکی ناچالاک ( )، ئەندامێکی چالاک ( ).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

- بەشداریت لە گشتپرسی 2017 کرد؟ بەڵێ ( )، نەخێر ( ).
- بەشداریت لە هەڵبژاردنی پەلەمانی عێراق لە( 2018/5/12 )دا کرد؟ بەڵێ ( )، نەخێر ( ).
- بەنیازی 9/30 بەشداری لە هەڵبژاردنی پەلەمانی هەرێمدا بکەی؟ بەڵێ ( )، بڕیارم نەداوە ( )، نەخێر( ).

| دەربڕینی ناڕەزایی و پاڵپشتی سیاسی و مەدەنی | هیچ/ هەرگیز | جارێک/ بەدەگمەن | دووجار/ هەندێجار | سێ جار/ زۆرجار | زیاتر/ بەردەوام |
|---|---|---|---|---|---|
| چاودێر لە هەڵبژاردن و گشتپرسییەکاندا. | | | | | |
| هاندانی خەڵک بۆ بەشدارییکردن لە چالاکییە سیاسی و مەدەنییاکان. | | | | | |
| پەیوەندیکردن بە بەرپرس یا لایەنی پەیوەندیدار بە بوونی کیشەو کەموکوری...تاد. | | | | | |
| ڕێپێوانی ئاشتیانە. | | | | | |
| خۆپیشاندان. | | | | | |
| کۆکردنەوەی واژۆ | | | | | |
| بایکۆتکردن | | | | | |
| مانگرتن یا پەناگیریی. | | | | | |
| سکاڵاکردن نوسینی نامە یا یاداشت بۆ کاربەدەستێک، پەرلەمانتارێک و..تاد. | | | | | |
| هاندانی خەڵک بۆ بەشدارینەکردن لە چالاکیی سیاسی و مەدەنی | | | | | |
| تاتۆکردنی وێنەی سەرکردە یا کاریزمایەک، ئاڵا، لۆگۆ یا دروشمی حیزب، ڕێکخراو و بزووتنەوەیەک لەسەر جەستە. | | | | | |
| هەڵواسینی ئاڵا، لۆگۆ و دروشمی حیزبێک یا ڕێکخراوێک بە ماڵەکەت، سەیارەو...تاد. | | | | | |
| پۆشینی جلوبەرگ یا کڵاوێک کە وێنەی ئاڵا یا لۆگۆ و دروشمی حیزب یا ڕێکخراوێکی پێوە بێت. | | | | | |

# ملخص:


وفقا لنتائج بعض من الدراسات في الدول الغربية، هناك علاقة إيجابية بين التدين و المشاركة السياسية انطلاقا من الفكرة القائلة بأن عضوية الأفراد في المؤسسات و المنظمات الدينية، وحضورهم في اماكن العبادة، والتزامهم بالواجبات المفروضة و مشاركتهم في المناسبات الدينية...الخ، يكون مصدراً للتعبيئته وتأهيلهم مدنيا للمشاركة السياسية. تضاربا مع هذه الاطروحات و النتائج، و وفقا لنتائج بعض المسوحات و البحوث الميدانية في بعض دول الشرق الأوسط بخصوص هذا الموضوع، ان التدين لا يأثر إيجابيا على مشاركة الفرد في السياسة.

تهدف هذه الدراسة الى وصف و تحليل العلاقة بين التدين و المشاركة السياسية في إقليم كردستان؛ لذالک الغرض، تم اخذ 354 شخصا في مركز المدن الثلاثة اربيل، سليمانية و دهوک كعينة بطريقة العشوائية العنقودية المتعددة المراحل، و ذلک لجمع المعلومات المطلوبة بطريقة الكمية. تم الاستعانة بمقياس مكون من اربع المتغيرات (الجنس، العمر، المستوى التعليمي و الحالة الزوجية) و 19 فقرة لقياس مستوى التدين و المشاركة السياسية. و وفقا لنتائج التي توصل اليها الدراسة، ان علاقة المتغيرين ببعضهما البعض سلبية، و لا تتغير نوعية و اتجاه العلاقة بينهما تبعا لنوعية المشاركة السياسية.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## Abstract:

Studies in the western countries have shown that political participation has a very strong correlation with religious tendency. Those who are members of religious institutions or those who go to pray in their holly sites tend to be more active politically and become members of civil society compare to those who do not have religious tendency. While in the eastern countries, there have been studies that prove the more religious people are, the less politically active they are. This study, tries to explore the relation between religious tendency and political participation in Kurdistan region of Iraq.

The quantitative data have been collected in the cities of Erbil, Sulemani and Duhok with the sample of 354 cases who have been chosen in multi-stage randomly. Gender, Age, Education level, and social status were among the measurement that was used along with 19 more questions on political participation and religious tendency in the questioner. The study found that participants' religiosity is negatively correlated with their political participation, the type and direction of the relation between two variables, does not change depending on the forms of the political participation.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019